داوا کار لەرێ گەی بریکارەکە یەوە لە بەردەم داد گای بەرایی پ شدەر لە داوای بەرای ژ مارە (١٨٧/ب/٢٠٢١) بانگەشەی ئەوەی کردووە کە لەرێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٢٦ بڕی (٧,٤٠٠,٠٠٠) دینار داوە بەداوالەسەرکراو لەبەرامبەر کاری پارێزەرا یەتی لە دۆ سیەی برا یەکی بەناوی (ا/ ا/ م/) ، وە لە بەر ئەوەی داوالە سەرکراو هیچ کارێکی بۆ ئەنجام نەداوە ، بۆ یە داوای کرد بانگهێ شتی داوالەسەرکراو بکرێت بۆ دادبینی و بریار بدرێت بە پابەندکردنی بەپێدانەوەو گێرا نەوەی ئەو بڕە پارەیە . دوای گواستنەوەی داواکە بۆ دادگای بەرایی رانیە ، تۆمارکراوە بە ژمارە (٢١٩/ب/٢٠٢١) لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو دەرکردووە بە ژمارە (٢١٩/ب/٢٠٢١ ) لە

٢٠٢١/١١/١٨ به ١:- پابەندکردنی داواله سەرکراو (ب/ ع/ ر/) بەگەراند نەوەی بری (١,٨٥٠,٠٠٠) دینار بۆ داواکار .٢:- رەتکردنەوەی داواکە به بری زیادەی داوا کراو (٥,٥٥٠,٠٠٠) دینار. دوای نارازی بوونی تێهەڵ چووکار ، داد گای تێهەڵ چوونەوەی ناو چەی سلێمانی به ژ مارە (٢٣٨/س/٢٠٢١) له ٢٠٢٢/١٢/١٩ بر یاری دا بەپ شتگیری کرد نی بر یاری داد گای بەرای ئا ماژەپێکراو له سەرەوە و رەتکرد نەوەی تیانوو سی تێهەڵ چوونەوە . دوای نارازی بوونی پێداچووکار بەبریاری ناوبراو تانەی لێدا لای ئەم دادگایه بەپێ ی تیانووسی پێداچوونەوەی رەسم لێدراو له ٢٠٢٣/١/١١ دوای گەیشتنی تانەو دۆسیەکە دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بریار / پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لەرووی شێوەوە ، تێبینی کرا که بریاری داد گای تێهەڵچوونەوەی ناو چەی سلێمانی به پشتگیری کرد نی بریاری داد گای بەرایی راذیه به پابه ندکردنی داواله سەرکراو بەگەراند نەوەی بری پارەی ناوبراو له سەرەوە بۆ داواکار ، راستەو پابەندی یاسایه ، لەئەنجامدا به گەراندنەوەی بری دیاریکراو چوونکه هەرچەندە دەبوو دادگای بەرایی کریٚ ما ندووبوونی پارێزەرا یەتی داواله سەرکراوی بنەماله سەر کارکردن و هەو ڵدان بخەملاٚندا یه بەلاٚم خەملا ندنی پارە کەی گەراوە تەوە به بەرام بەر به ر ێژەی ٢٥٪ له کەمتەرخەمی داواله سەرکراوی پارێزەر رەزامه ندی داوا کاری له سەر بووە و له کۆتای دا داوا کار مافی گەراندنەوەی ئەو برەی بۆ هەبووە ، له سەرئەوە بریاردرابه را ستاندنی بریاری تا نه لێدراو وەرەتکرد نەوەی تا نەی پێدا چوونەوەو له ئه ستۆگرتنی رە سمی پێدا چوونەوە لەلا یەن پێداچووکارەوەو ئەم بریارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا له ٢٠٢٣/٤/٢٥.

**ژمارە / ٢٥٥/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٣ بەروار ٢٠٢٣/٣/٢٦**

له بەرواری ٢٠٢٢/٧/٢٨ سکالاکارانی ناوبراو له سەرەوە سکالایه ک یان لەدادوەر( س/ ا/ ص/) سەرۆکی داد گای کارگێری سلێمانی پێ شکەش کردووە به سەرۆکی داد گای تێهەڵ چوونەوەی سلێمانی که ت یای دا داوای لابرد نی سکالاله سەرکراو دە کەن له بینی نی ئەو داوایا نەی که له تیانووسی داواکەدا نیشانەیان پیٚ داوە به هۆکاری ئەوەی سکالالەسەرکراو خەمساردی دە کات له پ ێدانی نوو سراوی راگرت نی گوا ستنەوەی سکالاکاران له کۆمی سون ، وەلەبەر ئەوەی داد گای تێهەڵ چوونەوەی ناوبراو به نوو سراویان ژ مارە ٥/س مامه ڵەی تر /٢٠٢٢ له ٢٠٢٣/٢/٢٠ ئەم سکالایەی ناردووە بۆمان لەگەڵ دۆسیەکە تۆمارکراو دانرابۆ ووردبینی و گفتوگۆ.

بر یار / پاش ووردبی نی و گفتو گۆ و سەیرکردنی وەلاٚ می سکالاله سەرکراوی بەروار کراو به ٢٠٢٢/٨/١٥ ، تێبینی کرا که ئەو هۆکارنەی سکالاکاران هێناویانه تەوە بۆ سکالاکردن له دادوەر (س/ أ/ص/) یەکێك نی یه لەو هۆکارنەی که له مادەی (٢٨٦) ی یا سای دادبینی شارستانی دا هاتووە به د یاری کراوی بۆ یه سکالاکە مەرجی یا سایی هەڵ نەگرتووە و بر یار درا به به پە سندنەکردنی سکالاکەو رەتکرد نەوەی بەپیٚ ی مادەی (٢٩٠) لەو یا سایه و له بەر ئەوەی سکالاکاران له باتی بارمتەی یاسایی بەپیٚ ی مادەی ٢/٢٨٧ لەو یاسایه رەسمیان دا ناوە بەربری

(١٥٠٠) دينار ، دەبێت داد گای تێهەڵ چوونەوەی ناوبراو ( حەوت هەزارو پێنچ سەد) دینار له سکالاکاران وەربگرێت وەك پیٚ بژاردن (غرامة) بەپیٚ ی مادەی (١/٢٩١) لەو یا سایه و پاراستنی مافی سکالاٌ لەسەرکراو بۆ داواکردنی مافی قەرەبووی یاسایی بەپیٚ مادەی ناوبراو لەو یا سایه و ئەم بریارەش بەکۆی دەنگ لەرەتکردنەوەو زۆرینه له هۆکاردا دەرکرا له ٢٠٢٣/٣/٢٦

**ژماره / ٢٥٩/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٣ بەروار ٢٠٢٣/٥/١٤**

داواکار لەرێگەی بریکارەکەیەوە لەبەردەم دادگای بەرایی دەربەندیخان رایگەیا ندوە کەوا هاو بەش بووە لەگەڵ داوالەسەرکراو له ئاژەلداریدا له ساڵی ٢٠١١ رێکەوتووە لەگەڵی بۆ خانوو بۆ شوان و بیرێ کی ئاو به هەموو پێداویستیەکانیەوە له سەر نزیکەی ٢,٥ دۆنم له سەر پار چەزەوی داوالەسەرکراو به ژماره ٢٥ کەرتی ٢٩ کانی سارد که جێگای نزیکەی هەزار سەرئاژەل بکا تەوە به هاوبەشی ، بەلاّم داوالەسەرکراو بەشه خەرجی خۆی نەداوە بۆیه داواکارەکه داد گا بریاربدات به ناچارکردنی داوالەسەرکراو بەپێدانی بری (٢٠٠,٠٠٠) دۆلار وەك قەرەبوو . دوای ئەنجام دانی دادبینی ئا مادەیی و ئا شکرا داد گای بەرایی دەربەندیخان به ژماره ٢٧/ب/٢٠٢٠ له ٢٠٢٢/٧/٤ بریاری دا به رەتکرد نەوەی داوای داوا کار دوای نارازی بوونی تێهەڵ چووکار داد گای تێهەلچوونەوەی ناوچەی سلێمانی به ژماره ٣١/س/٢٠٢٢ له ٢٠٢٢/١٢/٢٢ بریاری دا به پشتگیری کرد نی بریاری بەرایی ئا ماژەپێکراو وەرەتکرد نەوەی تا نەی تێهەڵچوونەوە دوای نارازی بوونی تێهەلچووکار

تانەی لێدا لای ئەم دادگایه بەپیٚ ی تیانووسی پێدا چوونەوەی رەسم لێدراو له ٢٠٢٣/١/٨.دوای گەیشتنی تانەی دۆسیەکه . دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بریار / پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە له رووی شێوەوە ، تێبینی کرا که بریاری داد گای تێهەڵچوونەوەی ناو چەی کەرکوك / گەرمیان بەپشتگیری کرد نی بریاری دادگای بەرایی دەربەندیخان بەرەتکرد نەوەی داوای داوا کار ، را ستەو پابه ندی یا سایه ، چوونکه داواکار نەیتوانی داواکارییه کەی بسەلمێنێت بەهۆی ئەوەی ناکرێت رێکەوتنێکی یا سایی به شایەت بسەلمێنێت بەو برەی داوا کار داوای دەکات و له بەرئەوەی داد گاش داوا کاری بەناتوانا دا نا له سەلماندنی مافی دا یه سوێندی یەکلا کەرەوە ئارا ستەی داواله سەرکراو بکات هەرچەندداواکار رەزامەند نەبوو بەئاراستەکردنی سوێندەکه له قۆناغی بەرایی دا بەلاّم له قۆناغی تێهەڵ چوونەوە ڕەزامه ند بوو به ئارا سته کرد نی سوێندی دار ێژراو وە داواله سەرکراویش سوێندەکەی خوارد بەو به پیٚ ی ئەوەی ئاراستەکردنی سوێند وازهێنانه له هەموو بەڵگه یەکی تر و سوێندی یەکلا کەرەوەش داوای پیٚ کۆ تایی دێت ١/١١١ و ٢/١١٤ له یا سای سەلماندن بۆ یه داوا کار دۆڕا به ناوەرۆکی سوێندەکه ٣/١١٩ له و یا سایه ، له سەر ئەوە داوا کار شایستەی داواکاریەکەی نی یەو ، بریار درابه راستاندنی بریاری تانه لێدراو وەرەتکردنەوەی پێداچوونەوە و

لەئەستۆگرتنی پێدا چووکار بە ر سمی پێدا چوونەوە و ئەم بر یارەش بەکۆی دە نگ دەر کرا لە ٢٠٢٣/٥/١٤.

**ژمارە / ٢٦١/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٣ بەروار ٢٠٢٣/٥/٢**

داواکار لەرێگەی بریکارەکەیەوە لە بەردەم داد گای بەرایی هەریر بانگە شەی ئەوەی کردووە کەوا داوالەسەرکراو قەرزاری بریکاردارێتی بەبری (٢٠,٠٠٠$) دۆلار بریکار داری چەندین جار داوای لێ کردوە کە چی داواله سەرکراو لاری کردووە لە گەرا نەوەی ئەو برە پارە یە کە دەکا تە بڕی (٢٩,٦٠٠,٠٠٠) دیناری عیّراقی بۆیە داوا لە دادگا دەکات بانگهێشتی داوالە سەرکراو بکات بۆ دادبینی و بریار بدات بە پابە ندکردنی بە دانی بڕی (٢٠,٠٠٠$) وە بۆ مەبە ستی دانی ر سمی یاسای داواکەی چڕکردۆتەوە بەبڕی (١٦٥,٠٠٠) دیناری عێراقی وە مافی بریکاردرای پاراستووە بە داوایەکی تێهەلکێش یان سەربەخۆ . لە ئەنجامی دادبینی ئا مادەیی و ئا شکرا داد گای بەرایی هەریر بە ژمارە ١٢٦/ب/٢٠٢١ لە ٢٠٢٢/٦/١٢ بریاری دا بە پابەندکردنی داوالە سەرکراو بەپێدانی بڕی پارەی (٢٠,٠٠٠$) دۆلاری ئەمریکی یان گۆرینی بەرامبەر بە (٢٩,٦٠٠,٠٠٠) دینار بۆ داوا کار دوای نارازی بوونی تێهەڵچووکار بەبریاری ناوبراو داد گای تێهەڵچوونەوەی ناو چەی هەولێر بە ژمارە (٢٣٢/س/٢٠٢٢) لە ٢٠٢٣/٢/٢١ بریاری دا بە پالپشتی کرد نی بریاری داد گای بەرایی ناوبراو وەرەدکرد نەوەی تیانوو سی تێهەڵچوونەوەو هۆکارە کانی . دوای نارازی بوونی پێدا چووکار بەبریاری ناوبراو تا نەی لێدا لای ئەم دادگا یە بەپێ ی تیانوو سی پێدا چوونەوەی رەسم لێدراو لە ٢٠٢٣/٢/٢٣.دوای گەیشتنی تانەی دۆسیەکە دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بریار / پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لە رووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بر یاری داد گای تێهەڵچوونەوەی ناو چەی هەولێر بە پشتگیری کرد نی بر یاری داد گای بەرایی هەریر بە پابەندکردنی داوالەسەرکراو بەگەراند نەوەی بڕی پارەی کۆمپیا لەی دەرخراو بۆ داواکار کەلەسەرەوە برەکەی دیاریکراوە ، راستەو پابەندی یاسایە ، چوونکە داوالەسەرکراو دا نی ناوە بە کۆمپیا لە و وەرگرت نی پارە کە لە داوا کار بەلام نەیتوانی پاڵ نەری داوا کە بسەلمێنێت بەگەراندنەوەی پارەی کۆمپیا لە کە و دا نەوەی بە داوا کار لەبەرئەوەی ناتوا نا بوو لە سەلماندن و دادگا مافی دایە سوێند ئاراستەی داواکار بکات بەپێ ی سوێندی دارێژراو لە قۆناغی بەرایی دا بەلام داواله سەرکراو رەزامە ند نەبوو بە ئارا ستەکردنی سوێندەکەو بەوەش بەناوەرۆکی ئەو سوێندە دۆراو داوا کار بوو بە شای ستەی داواکاریە کەی ، لە سەرئەوە بر یار درا بە را ستاندنی بر یاری تا نە لێدراو وەرەتکرد نەوەی پێدا چوونەوە و لەئە ستۆگرتنی پێدا چووکار بە ر سمی پێداچوونەوە و ئەم بریارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٣/٥/٢.

**ژمارە / ٢٦٧/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٣ بەروار ٢٠٢٣/٥/٢**

داد گای تێهەڵچوونەوەی ناو چەی هەولێر بە ژمارە ٣٩/س/٢٠٢١ لە ٢٠٢١/١٢/١٣ بر یاری دا بە پشتگیری کرد نی بر یاری بەرایی ژ مارە ٦٢٧/ب/٢٠١٧ لە ٢٠٢١/١/٣١ و رەتکرد نەوەی داوای داوا کار دوای پەیرەوکردنی بڕ یاری ئەم دادگا یە بە ژ مارە ٧٣١/ ه.م.أ/٢٠١٧ لە ٢٠١٧/١١/١٧

دوای نارازی بوونی تێهەلچووکار بەبریاری ناوبراو تا نەی لێدا لای ئەم دادگا یە ئەم دادگا یە بە ژ مارە ١٩٧/ دە ستەی شار ستانی تێهەڵ چوونەوە /٢٠٢٢ لە ٢٠٢٢/٦/٢٦ بر یاری دا بە هەڵوەشاندنەوەی بریاری تانە لێدارو گەراند نەوەی بۆ داد گای تێهەلچوونەوە دوای گەراند نەوە و ئەنجام دا نی دوو بارە داد گایی کرد نەوە داد گای تێهەل چوونەوەی ناو چەی هەولێر بە ژ مارە ٣٩/س/٢٠٢١ لە ٢٠٢٣/٢/١٤ بڕ یاری دا بە پ شتگیری کرد نی بەرایی ژ مارە ٦٢٧/ب/٢٠١٧ لە ٢٠٢١/١/٣١ رەتکردنەوەی تانەی تێهەلچوونەوە دوای نارازی بوونی تێهەلچووکار تا نەی لێدا لای ئەم دادگایە بەپێ ی تیانووسی پێداچوونەوەی رەسم لێدراو لە ٢٠٢٣/٢/٢٦ دوای گەیشتنی تانەو دۆسیەکە دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-

بڕ یار :- پاش ووردبیـ نی و گفتو گۆ و پە سەندکردنی تا نەی پێدا چوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بریاری داد گای تێهەلچوونەوەی ناو چەی هەولێر بە پشتگیری کرد نی بریاری داد گای بەرایی پێذ جەمی هەولێر بەرەتکرد نەوەی داوای داوا کار ، را ستەو پابە ندی یا سایە ، چوونکە دادگای بەرایی بە بریاری پشتگیری کراوەکەی پەیرەوی بریاری داد گای پێدا چوونەوە ژ مارە ٧٤٢/الهیـئە المدنـیە /٢٠١٨ لە ٢٠١٨/١٢/١٢ دا کردووە و بۆی دەر کەوتووە کە داوا کار شایستەی داواکاریەکەی نی یە لە بەرئەوەی نەیتوانی داواکاریەکەی بسەلمێنێت پاش ئەوەی بەڵگەی پێویستی دەرنەخست بۆ داد گا و داد گاش مافی دا یە سوێندی یەکلا کەرەوەی دارێژراو ئارا ستەی داوالە سەرکراو بکات بەلام رەزامە ند نەبوو بە ئارا ستەکردنی سوێندەکە و بەوەش بە ناوەرۆکی ئەو سوێندە دۆرا ، لە سەر ئەوە بریاردرا بە را ستاندنی بر یاری تا نە لێدراو وەرەتکرد نەوەی تا نەی پێدا چوونەوەو لە ئە ستۆگرتنی رە سمی پێدا چوونەوە لەلا یەن پێداچووکارەوە و ئەم بریارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٣/٥/٢.

**ژمارە / ٢٧٥ / دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٣ بەروار ٢٠٢٤/٢/١٣**

داواکار لەبەردەم دادگای بەرایی هەولێر ڕایگەیاند کەوا هاوبەشە لە موڵکی ژمارە ٧/٢٥ /٤٦ وارش داوالێکراو دانیشتووە لە خانوی ناوبراو لەساڵی ٢٠٠٣ بەبێ بوونی هیچ گرێبەستێك بۆیە داوا دەکات پابەندبکرێت بەدانی کرێی هاوتا (أجر المثل ) کە خەملاندویەتی بەبڕی (٩٦) دینار لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای بەرایی هەولێر بەژمارە ١٠٩٧/ب/٢٠١١ لە ٢٠١٢/٤/١٩ بریاری دا بە پابەندکردنی داوالەسەرکراو بە دانی بری پارەی داوالێکراوی سەرەوە بۆ داواکاران وەکو کرێی هاوتای لەماوەی نێوان ٢٠٠٤/١/١ تاوەکو ٢٠١٠/١٢/٣١ دوای پەیرەوکردنی بریاری ئەم دادگایە بە ژمارە ٧٧٦/هیئە المدنیە /٢٠١١ دوای نارازی بوونی تێهەلچووکار دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە ژمارە ١٢٢/س/٢٠١٢ لە ٢٠٢٣/٢/٢٥ بریاری دا بە هەڵوەشاندنەوەی بریاری بەرایی ئاماژەپێکراو پابەندکردنی تێهەلچووکار بە دانی بڕی (٧,٤٩٥,٠٠٠) دینار بۆ تێهەلچوو لەسەرکراوان هەریەك لە (ه/ ا/ ح/ و ش/ ا/ ح/) هەروەها بڕی (٧,٢٢٥,٠٠٠) دینار بۆ هەریەك لە (چ/ ا/و خ/ ا/ ) و بڕی (١,٥٣٠,٠٠٠) دینار بۆ هەریەك لە (چ/ م/ م/ و ب/ م/ م/) وەکو کرێی هاوتای ماوەی نێوان ٢٠٠٤/١/١ تاوەکو ٢٠١٠/١٢/٣١ دوای

**نارازی بوونی تێهەلچوولەسەرکراوان بەبریاری ناوبراو تانەی لێدا لای ئەم دادگایە بەپێ ی تیانووسی پێداچوونەوەی رەسم لێدراو لە بەرواری ٢٠٢٣/٣/٦ دوای گەیشتنی تانەو دۆسیەکە دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-**

**بڕیار:-**

**پاش ووردبینی و گفتوگۆ وە پەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە(شکلا)، تێبینی کرا کە بڕیاری دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی هەولێر بەژمارە (١٢٢/س/٢٠١٢) دەرچوو لە ڕۆژی ٢٠٢٣/٢/٥ بابەتی تانەی پێداچونەوە بە هەڵوەشاندنەوەی بەشێک(فسخ جزئی)ی بڕیاری بەرایی دەرچوو لە دادگای بەرایی هەولێر بە ژمارە(١٠٩٧/ب/٢٠١١) لە ٢٠١٢/٤/١٩ وە بڕیاردان بەو شێوەیەی لە ناوەڕۆکەیدا بە درێژی باسکراوە ڕاستەو پابەندی یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی تیایدا بەووردی ئاماژەیان پێدراوە، چونکە دەرچووە بە پەیڕەوکردنی بڕیاری هەڵوەشاندنەوە(نقض) ی دەرچوو لبەم دادگایە بە ژمارە(١٨٤/دەستەی شارستانی تێهەڵچونەوە/٢٠١٢) دەرچوولە ٢٠١٢/٦/٢٥، بنەما لەسەر ئەوەی سەرەوە بڕیاردرا بە پەسەندکردن(تصدیق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەدکردنەوەی تانەی پێداچوونەوە وە خستنە ئەستۆی پێداچووکار ڕەسمی پێداچوونەوە، ئەم بڕیارەش دەرکرا بە زۆرینەی دەنگ لە ٢٠٢٤/٢/١٣.**

| | |
|---|---|
| **ژمارە / ٢٧٩/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٣** | **بەروار ٢٠٢٣/٥/٩** |

**داوا کار لەرێگای بریکارەکە یەوە لە بەردەم داد گای بەرایی سلێمانی /٥ لە داوای بەرایی ژ مارە ٨٦٤/ب/٢٠١٩ بانگە شەی ئەوەی کردوە کە بریگرتە کەی لە وولاّ تی بەریتانیاوە هە ستاوە بەنارد نەوەی بڕی (١٦٠٠٠٠) کە دەکا تە (١٩٢,٠٠٠,٠٠٠) دی نار بۆ کورد ستان بەمەبە ستی کڕی نی خانووی ژ مارە ١/١٢٢ کەرتی ١١ بکر جۆ وە نۆژەنکرد نەوە وە تۆ مارکراوە بەناوی داوالەسەرکراو وە چەند جارێك داوای لە داوالەسەرکراو کردوە بەگێرانەوەی ئەو برە پارە یە بەلاّم بێ سوود بووە ، بۆیە داوایکرد بانگهێشتی داوالە سەرکراو بکرێت بۆ دادبی‌نی و بریار بدرێت بەگەراندنەوەی ئەو برە پارەیە وەك (استحقاق دين) وەدانانی هێمای مامە لەکردن لە سەر موڵکە کە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داواکە و ما ندووبوونی پارێزەرا یەتی . لە ئەنجامی دادبی نی ئا مادەیی و ئا شکرا داد گای ناوبراو بر یاری دەر کردوە بە ژ مارە ٨٦٤/ب/٢٠١٩ لە ٢٠٢٢/٥/٢٩ بەپابەندکردنی داوالەسەرکراو (س/ ع/ ح/ا/بەپێدانی بڕی (١٢٤,٢٧٥,٠٠٠) دینار بە داوا کار (غ/ ح/ا/) وەرەدکرد نەوەی داد گای داوا کار ، داوالە سەرکراو تا نەی لە بریارە کەداوە بەتیچەلچوونەوە بە هۆی بریکارەکەیەوە بەپێی تیانووسی رە سم لێدراو لە ٢٠٢٢/٦/٨ ، داد گای تێهەڵ چوونەوەی ناو چەی سلێمانی بە ژ مارە ١٤٤/س/٢٠٢٢ لە ٢٠٢٣/١٢/١٥ بر یاری دا**

بەپشتگیریکردنی بریاری بەرایی ئاماەپێکراو لەسەرەوە و ڕەتکردنەوەی تیانوو سی تێهەلچوونەوە ، تێهەلـ چووکار رازی نەبوو بەو بر یارە و تا نەی لـ ێدا لای ئەم دادگا یە بەپیّ ی تیانوو سی پێدا چوونەوەی رە سم بۆ دراو لە ٢/٢٨/ ٢٠٢٣ تیا یدا داوای هەڵوە شانەوەی بریارە کە دە کات و پاش گەیشتنی تانەو دۆسیەکە تۆمارکرا بۆ گفتوگۆ و وردبینی .

بریار / پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لە رووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بریاری دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی سلێمانی بەپشتگیرکردنی بریاری داد گای بەرایی پێنجەمی سلێمانی بە پابە ندکردنی داوالە سەرکراو بەپێدانی بڕی پارەی ناوبراو لە سەرەوە بە داواکار وەك بەهای خانووی باسی داوا کە ، را ستەو پابە ندی یا سایە ، چونکە داوا کار لەڕێگەی شایستەکانیەوە کە داد گا پالپشتی بە سوێندی تەواکردن کرد توانی بیسەلمێنیت کە خانووەکە بەپارەی نێردراوەی ئەو کڕاوە ، بۆیە شایستەی بە هاکەیەتی و لەسەر ئەوە بریار درابە راستاندنی بریاری تانە لێدراو وەرەتکردنەوەی تانەی پێدا چوونەوە و لەئە ستۆگرتنی پێدا چووکار بە ر سمی پێداچوونەوە و ئەم بریارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٣/٥/٩.

**ژمارە / ٢٨١/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٣ بەروار ٢٠٢٣/٥/٩**

نارازیـکاران لە رێگای بریکارەکەیا نەوە لە بەردەم داد گای بەرایی سلێمانی /٦ لە داوای بەرایی ژمارە (٢٧٨٧/پ . رێلێگری لە بریاری پاشملە/٢٠١٧) داوای هەلوەشاندنەوەی بریاری پاشملەیی کردوە بە ژ مارە ٢٧٨٧/ب/٢٠١٧ دەر چوو لە داد گای بەرایی سلێمانی /٦ بەو هۆکارا نەی لە داوانارازیەتیەکەدا هاتووە وەرەدکرد نەوەی داوای نارازی لە سەرکراو وتێچووی داوا کە و کریّ ی پارێزەرایەتی بخرێتە ئەستۆی نارازی لەسەرکراو لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو بریاری دەرکردوە بە ژمارە ٢٧٨٧/ب.رێلێکری لە بریاری پاشملە / ٢٠١٧ لە ٢٠٢٢/٣/٣١ بەرەدکردنەوەی تانەی پەڵپگر و پشتگیری کردنی بریاری بەرایی و پابە ندکردنی رە سم وتێچووی داواکە ، داوالێکراوان تانەیان لەو بریارە کەداوە بە تێهەلچوونەوە بەهۆی بریکارەکەیا نەوە بەپێی تـ یانووس رە سم لـ ێدراو لە ٢٠٢٢/٤/١٢ . داد گای تێهەلـ چوونەوەی ناو چەی سلێمانی بە ژ مارە ١١٦/س/٢٠٢٢ لە ٢٠٢٣/١/٢٣ بر یاری دا بە پـ شتگیریکردنی بر یاری بەرایی ئا ماژەپێکراو لە سەرەوە وەرەدکرد نەوەی تیانوو سی تێهەلـ چوونەوە ، تێهەلـ چووکار رازی نەبوو بەو بر یارە و تانەی لێدا لای ئەم دادگایە بەپیّ ی تیانووسی پێداچوونەوەی رەسم بۆ دراو لە ٢٠٢٣/٢/٢٣.تیای دا داوای هەڵوە شاندنەوەی بریارە کە دە کات و پاش گەیـ شتنی تا نەو دۆ سیەکە تۆ مارکرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ .

بریار / پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لە رووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بریاری داد گای تێهەلـچوونەوەی ناو چەی سلێمانی بەپـشتگیری کرد نی بریاری داد گای بەرایی سلێمانی شەشەم بە پابەندکردنی داوالە سەرکراو بەپێدانی بڕی پارەی ناوبراو لە سەرەوە

به داوا کار وەك کرێ ی موڵکی به کرێگیراو لەلا یەن داوالە سەرکراو ، را ستەو پابە ندی یا سایە ، چوونکه داوالە سەرکراو دا نی ناوه به داوا کە بەکرێگیراوی بەکارهێناوه له وماوا نەدا کە داوا کار داوای کرێ یەکانی دە کات لەبەر ئەوەی کرێ شایستە دەبێت بە سوود وەرگرتن لە بەکرێگیراو (م ٧٦٨) یاسای شارستانی ، ئەمەش لە کاتێکدا چەسپا کە داوالەسەرکراو نەیتوانی پالنەری داواکە بسەلمێنێت کەوا کرێ ی داوا کراوی داوه به داوا کار پاش ئەوەی دادگا به ناتوا نای دا نا له سەلماندن و مافی دایە سوێندی یەکلاکەرەوە ئارا ستەی داوا کار بکات بەڵام نەلەقۆناغی بەرایی وەنە بە قۆناغی تێهەڵچوونەوە ڕەزامەند نەبوو بە ئارا ستەکردنی و بەوەش بە ناوەرۆکی سوێندە دۆڕاو هەرچی پالنەری داوالەسەرکراو بەبڕی پارەی ئاو کارەبا لەلا یەن داوا کارەوە دەبوو با سی داوا بوا یه لەلا یەن داوالە سەرکراوه وه وه داوای بکردا یه ، لە سەر ئەوه بڕیار درا به را ستاندنی بڕیاری تانە لێدراو وەرەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لەئەستۆگرتنی پێدا چووکار بە ر سمی پێداچوونەوە و ئەم بڕیارەش بە زۆرینەی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٣/٥/٩.

**ژمارە / ٢٨٣/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٣ بەروار ٢٠٢٣/٥/٢**

داوا کاران لەرێ گەی بریکارەکانیا نەوە لە بەردەم داد گای بەرایی کەلار رایگەیا ندوه کەوا خاوەندار یەتی موڵکی ژ مارە (٢٤٤٢/٥) کەرتی ١٠٢ کەلار دەگەرێ تەوە بۆ یان کە خانوو یەکی نیشتەجێ بوو نە و تۆ مارە بە ناویا نەوە لە فەرمانگەی تۆ ماری خانوو بەرە بەڵام داوالە سەرکراو هەستاوە بە داگیرکردنی و دەست بەسەرداگرتن مولکەکە بەبێ هیچ بنەمایەکی یاسایی بۆیە داوای کرد بانگهێشتی دادبینی بکرێت و بریار بدرێت بە پابە ندکردنی بەنەهێشتنی (منع معارضة) لە موڵکی ناوبراو لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای بەرایی بە ژمارە ٢١٩/ب/٢٠١٩ لە ٢٠٢١/٢/١٥ بڕ یاری دا بەپابە ندکردنی داوالە سەرکراو بەنەهێ شتنی بەرهەڵ ستی کرد نی بۆ داوا کاران لە سوود وەرگرتنی یان لە مولکی ناوبراو . دوای نارازی بونی تێهەڵ چووکار داد گای تێهەڵ چوونەوەی ناو چەی کەرکوك گەرمیان بە ژ مارە ١٥/س/٢٠٢١ لە ٢٠٢٣/٦/١٨ بڕ یاری دا بەپشتگیری کردنی بڕیاری ناوبراو رەتکرد نەوەی تیانوو سی تێهەڵچوونەوە. دوای نارازی بوونی تێهەڵ چووکار تا نەی لێدا لای ئەم دادگا یە بەپێ ی تیانوو سی پێدا چوونەوەی رە سم لێدراو لە ٢٠٢٣/٢/١٦.دوای گەیشتنی تانەی دۆسیەکە . دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بریار / پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لە رووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بریاری داد گای تێهەڵچوونەوەی ناو چەی کەرکوك / گەرمیان بەپشتگیری کرد نی بریاری دادگای بەرایی کەلار بەپابەندکردنی تێهەلچووکار بەبەرهەڵستی نەکردنی تێهەڵچوو لەسەرکراوان لە سوود وەرگرتنی لە موڵکی با بەتی داوا کە بە زەوی و خانووەوە وەرەتکرد نەوەی تیانوو سی تێهەڵ چوونەوە ، را ستەو پابە ندی یا سایە ، چوونکە داد گای تێهەڵ چوونەوە بەبریارە تا نە لێدراوەکەی پەیرەوی بڕیاری ئەم دادگایە ی بە ژمارە ٤٤٩/ دە ستەی شار ستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢١ لە ٢٠٢٢/١/١٢ دا کردووە و گەید شتۆتە ئەنجامی پێوید ست ، لە سەرئەوە بڕ یار درا بە را ستاندنی بڕ یاری تا نە لێدراو وەرەتکرد نەوەی پێدا چوونەوە و لەئە ستۆگرتنی پێدا چووکار بە رسمی پێداچوونەوە و ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٣/٥/٢.

| | |
|---|---|
| ژماره / ٢٩٩/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٣ | بەروار ٢٠٢٣/٥/١٤ |

دادگای بەرایی عەنکاوە بریاری ژمارە (٩٢/ب/٢٠٢١) لە ٢٠٢١/٩/٣٠ دەرکردووە بە پابەندکردنی داوالە سەرکراوان بە تەواوی و بەیە کەوە بڕی (١٥٢٠٠) دۆلاری ئەمریکی کە دەکا تە (٢٢,١١٦,٠٠٠) دینناری عێراقی بدەن بە داواکار وەبریارەکە بە ئا مادەیی دەرچووە و شیاوی تێهەلچوونەوە وپێداچوونەوەیە ، و دوای نارازی بوونی داوالێکراو بەبریاری ناوبراو تانەی لێدا بە شێوەی تێهەلچوونەوە لەبەرواری ٢٠٢١/١٠/١٣ بەپێی تیانووسی تێهەلچوونەوەی رەسم لێدراو لە ٢٠٢١/١٠/١٣ دوای تا نە لێدانی لای ئەم دادگا یە بر یاری دا بە ژ مارە (٢٦٦/س/٢٠٢١ ) لە ٢٠٢١/١٢/٢١ بە پ شتگیری کرد نی بر یاری داد گای بەرایی تا نە لێدراو دوای گەراند نەوەی بۆ دادگای خۆی و پەیرەوکردنی بریاری ئەم دادگا یە ، داد گای تێهەڵچوونەوەی ناو چەی هەولێر بە ژ مارە (٢٢٦/ی/٢٠٢١) لە ٢٠٢٣/٢/٢١ بر یاری دا بەپ شتگیری کرد نی بر یاری حوکمی بەرایی تێهەڵ چوونەوە ت ێداکراو بە ژ مارە (٩٢/ب/٢٠٢١) لە ٢٠٢١/٩/٣٠ لە داد گای بەرایی عذ کاوە دەر چووە لە رووی ئەنجا مەوە ، وە رەتکرد نی تا نەی تێهەڵ چوونەوە و هۆ یەکانی وەبریارە کە ئامادەییە شیاوی پێداچوونەوەیە و دوای نارازی بوونی تێهەلچووکار بەبریاری ناوبراو تانەی لێدا بەشێوەی پێداچوونەوە ، بەپێ ی تیانووسی پێداچوونەوەی رەسم لێدراو لە ٢٠٢٣/٣/١٦ .دوای گەیشتنی تانەی دۆسیەکە دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بریار / پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لە رووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بریاری تا نە لێدراو را ستەو پابە ندی یا سایە و پەیرەوەی بریاری پێدا چوونەوە کە لەم داد گای دەر چووە بە ژ مارە ١٢٨/ دە ستەی شار ستانی تێهەڵ چوونەوە / ٢٠٢٢ لە ٢٠٢٢/٦/٢٦ دوای ئەوەی دادگا لێکۆلینەوەی خۆی ئەنجام داوە و بڕی مادەی (کشمیش) کەی بۆ ئا شکرا بوو ، لەگەڵ نرخەکەی کە داوا کار ناردبوی بۆ داوالێکراو و گەیشتە هەمان ئەنجام ، بۆیە بریار دار بەراستاندنی بریاری تانە لێدراو وە رەتکردنەوەی تا نەی پێدا چوونەوەو لە ئەستۆگرتنی رە سمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە و ئەم بڕیارەش بەزۆرینەی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٣/٥/١٤.

| | |
|---|---|
| ژماره / ٣٣٣/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٣ | بەروار ٢٠٢٣/١٠/١ |

داواکار لە رێگای بریکارەکەیەوە لەبەردەم دادگای بەرایی عەنکاوە بانگەشەی ئەوەی کردووە کەوا بریکارداری خاوەنی شوقەی نیشتەجێیە لە پرۆژەی (.......) بە ژمارە ( G9 -2 -164M-MAM) بەڕووبەری (١٦٤ م٢) وەگشت پارەی کرینی ئەم شوقەیەی داوە بە کۆمپانیای (..... ) کانی خۆی پرۆژەی مەم و زین بەناوی کۆمپانیای (......) بووە لە ئێستا دا خاوەنداریەتی پرۆژەکە گۆڕاوە لە (.....) بۆ (خ/ ع/ س/ خاوەن کۆمپانیای ....) بەپێی بریاری ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان بە ژمارە (٢٢٣ لە ٢٠١٥/٥/٢٨) وە بریاری ژمارە (٥٠٥ لە ٢٠١٩/٥/٥) وەبریاری ژمارە (٥٦٨ لە ٢٠٢٠/٥/٢٥) وە داوالێکراو خاوەن پرۆژەی (....... ) ە لاری دەکات لە تۆمارکردنی شوقەکەی داواکار لە تۆمارەکانی پرۆژەی (... ....

) و بەرێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی هەولێر ، سەرەرای هەبوونی بریاری ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان بە ژمارە (٥٦٨ لە ٢٠٢٠/٥/٢٥) وبریاری دادگای بەرایی عەنکاوە بە ژمارە (25/ف . م/٢٠١٩) بۆیە داوا لە دادگا دەکات بانگهێشتی داوالێکراو بکرێت بۆ دادبینی وە بریار بدرێت بە پابەندکردنی داوالێکراو بە تۆمارکردنی شوقەی ئاماژە پێکراو بۆ داواکار لە پرۆژەی (......) و بەرێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی هەولێر. لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای بەرایی عەنکاوە بە ژمارە (١٢٨/ب/٢٠٢١) لە /٢٠٢٢/١٠ بریاری دابە رەتکردنەوەی داوای داواکار (پ/ ط/ق/) لەگەل پاراستنی مافی داواکار بە داواکردنی ئەو بڕە پارەیەی کەوا داویەتی بە کۆمپانیای پەروە لە بەرامبەر کرینی شوقە بە داوایەکی سەربەخۆ داوی نارازی بوونی تێهەلچووکار بەبریاری ناوبراو ، دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە ژمارە (٤١٠/س/٢٠٢٢) لە ٢٠٢٣/٣/١٥ بریاری دا بە پاڵپشتی کردنی بریاری دادگای بەرایی عەنکاوە / وەرەتکردنەوەی تیانووسی تێهەلچوونەوەو هۆکارەکانی ، دوای نارازی بوونی پێداچووکار بە بریاری ناوبراو تانەی لێدا لای ئەم دادگایە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی رەسم لێدراو لە ٢٠٢٣/٤/٣ دوای گەیشتنی تانەو دۆسیەکە دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا پێشکەش کراوە بۆیە پەسەنکرا لە ڕووی شێوەوە وەتێبینی کرا پێداچوولەسەر ناراستەو پابەندی یاسا نییە بریارێکی پێشوەختەیە چونکە پێویست بوو لە سەر دادگا لێکۆلینەوەکانی تەواوبکردایە بۆ گەیشتن بە حوکمێکی دادپەروەرانە بریار بدات بە هێنانە ناوەوەی وەبەرهێن (المستثمر) (س/ ب/) وەك كەسی سیٚ یەم لە داواکە بۆ روونکردنەوە بۆ وەستان لەسەر راستی گرێبەستی واژووکراو لە نێوان ناوبراو و داواکار و ئایا هیچ برە پارەیەك دراوە لەلایەن داواکارەوە لە نرخی شوقەی بابەتی داوا چونکە ئەندازیاری پرۆژە لە بەردەم دادگا ڕوونی کردۆتەوە کە ژمارەی شوقەکە هەبوو پێش ئەو گۆرانکاریانەی کە ئەنجام درا دوای گۆرینی وەبەرهێنەر چونکە بەپی ی رێنماییەکانی کە لە لێژنەی بالای وەبەرهێنان دەرچووە دەکرێت وەبەرهێنەربێتە گۆران وەبەرهێنەرێکی تر پرۆژەکە تەواو بکات بەلاٌم دەبێت وەبەرهێنەری نویٚ هەموو ئەرك و ئیمتیازاتی وەبەرهێنەری پێشووی خۆی لە ئەستۆ بکرێت هەروەك چۆن مافەکانی پێشووی بۆ فەراهەم کرا لە وەبەرهێنی پێشوو بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە هەڵوەشاندنەوەی بریاری پێداچوو لەسەر وگەراندنەوەی دۆسیەی داواکە بۆ دادگاکەی بەمەبەستی دووبارە دادبینی کردنی تێدا بەمەبەستی رەچاوکردنی بۆچوونەکانی سەرەوە دەرکردنی بریاری یاسایی دروست و هێشتنەوەی رەسمی پێداچوونەوە بۆ ئەنجام ئەم بڕیارەش بە کۆرا دەرکرا لە ٢٠٢٣/١٠/١.

ژمارە / ٣٤١/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٣ بەروار

٢٠٢٣/١٠/١٦

داواکار لەڕێگای بریکارەکەیەوە لەبەردەم دادگای بەرایی هەولێر ڕایگەیاندوە کەوا داوالێکراو مێردی بووە و لەبەرواری ٢٠١٩/١١/٤ تەلاقی داوە و ئەو زێرانەی کەلەلیستی هاوپێچ داهاتووە زەوتی کردووە لەگەڵ پارە، بۆیە داوا دەکات داوالێکراو پابەندبکرێت بەگەڕاندنەوەی زێرەکان بۆی یاخود بەهاکەی کەدەکاتە بڕی (٧,٠٠٠,٠٠٠) دینار . لەئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا داداى بەرایی هەولێر بەژمارە ٣١١٦/ب/٢٠١٩ لە ٢٠٢٢/٤/١٩بڕیاری دا بەپوچەڵکردنەوەی داوای داواکار سەبارەت بەبڕی (٢١٠,٠٠٠) و پابەند کردنی داوالەسەرکراو بەدانی بڕی (٧٩٠,٠٠٠) دینار بە داواکار و ڕەتکردنەوەی داواکاری سەبارەت بەزێرەکان .دوای ناڕازی بوونی تێهەلچووکار دادگای تێهەلچوونەوەی ناچوەی هەولێر بە ژمارە ١٥٦/س/٢٠٢٢ لە ٢٠٢٢/١١/١ بڕیاری دا بە هەڵوەشاندنەوەی برشیاری بەرایی ئامازەپێکراو دوای نارازی تێهەلچووکار تانەی لێدا لای ئەم دادگایە بەپێ ی تیانووسی پێداچوونەوە ڕەسم لێدراو لە بەرواری ٢٠٢٣/٤/٣ .دوای گەیشتنی تانەو دۆسیەکە دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێداچوونەوەی پێشکەش کراو لەسەر بڕیاری حوکمی تێهەلچوونەوەی بە ژمارە ١٥٦/س/٢٠٢٢ لە ٢٠٢٢/١١/١ بەڵام پێشتر پێداچووکار بەهەمان شێوە تانەی داوە لە هەمان بڕیار و ئەم دادگایەش بە بڕیاری ژمارە ٢٨/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٣ لە ٢٠٢٣/١/٢٢ بڕیاری دەرکردوو بە راستاندنی بریارەکە و ڕەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوە وەنابێ دووجار تانە لەهەمان بریار بدرێت ئەم کارەی پێداچووکار پێچەوانەی بنەماکانی نیاز پاکی یە لە پێشکەش کردنی تانەکان ورێگریە لەبەردەم دادوەری بۆیە بریار درابە ڕەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوە لەرووی شێوەوە و لەئەستۆگرتنی پێداچووکار بە ڕەسمی پێداچوونەوەئەم بڕیارەش بە زۆرینەی دەنگ دەرچوو لەرووی هۆکارەوە و بەکۆڕا لەڕووی ئەنجام لە ٢٠٢٣/١٠/١٦.

**ژمارە / ٣٥١/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٣ بەروار ٢٠٢٣/١٠/١٦**

داواکاری دووبارە کردنەوەی دادگایی کردنی لە ڕێگای بریکارەکەیەوە داواکاری پێشکەش کرد بۆ دووبارە دادگایی کردن لە داوای ژمارە ٢٥٧/س/٢٠٢١ لە ٢٠٢٣/١/١٩ کە تێیدا ئاماژەی کردووە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/٨ بەڵگەی نوێ ی دۆزیوەتەوە کە بریتی یە لە پسولەکانی دانی بڕی پارەی پێشەکی کرینی خانووی ژمارە (c-١٠٧) لە دێی زانکۆ نوێ بۆیە داوای کردووە بریاری حوکمی دەرچوو لە داوای ژمارە ٢٥٧/س/٢٠٢١ هەمواربکرێتەوە داوای داواکار ڕەتبکرێتەوە . دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە ژمارە ٣٠/اعادە المحکمە /٢٠٢٣ لە ٢٠٢٣/٣/١٢ بڕیاری دا بەرەتکردنەوەی داواکارییەکەو حوکم دان لەسەر داواکاری دوبارەکردنەوەی دادگایی کردنی بەپێبژاردن بەبڕی (١٠٠٠) دینار . دوای نارازی

بوونی پێداچووکار تانەی لێدا لای ئەم دادگایە بەپێ ی تیانووسی پێداچوونەوەی رەسم لێدراو لە بەرواری ٢٠٢٣/٤/١٠ . دوای گەیشتنی تانەو دۆسیەکە دانرا بۆ ووردبینی گفتوگۆ.

بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایی دا پێشکەش کراوە بۆیە پەسندکرا لە رووی شێوەوە و سەرنج درا بریاری تانە لێدراو راستەو پابەندی یاسایە چونکە داواکاری دووبارە دادگایی کردنەوە پشتی بەستووە بەوەی چەند پەڕاوێکی بەرهەمداری لە داواکەی دەستکەوتووە داواکەی دەسەلمێنێت بەلاًم بۆ ئەم دادگایە روون بوە وە کەم ئەم پەراوانە کەباسی دەکات پێشتر لە داواکە خراونەتە ڕوو بۆ دادگا لە دانیشتنەکانا هەروەها ئەو برە پارەیەی کە حوکمی پێ دەرکراوە کە دەکاتە ٢٦٠٠ دولار نرخی پێشەکی خانووی بابەتی داوایە بەلاًم ئەو پسولانەی داواکاری دووبارە دادگای کردنی خستویەتەڕوو تایبەتە بە برە بەشی (قسط) مانگانەی خانووەکە لە لایەنێکی فەرمی دەرچووە لایەنی بەرامبەر رێگر نەبووە لەبەردەم پێشکەش کردنی پسولەکان بۆیە بریار دا بە راستاندنی بریاری تانە لێدراو و رەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوەو لە ئەستۆگرتنی پێداچووکار بەرەسمی پێداچوونەوە ئەم بریارەش بەکۆرا دەرکرا لە ٢٠٢٣/١٠/١٦.

**ژمارە / ٣٥٣/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٣ بەروار ٢٠٢٣/١٠/١٨**

دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە ژمارە ٢٨٨/س/٢٠١٩ لە ٢٠٢٣/٤/٣ دوای پەیرەوکردنی بڕیاری ئەم دادگایە بە ژمارە ٣٢٠/دەستەی شارستانی تێهەلچوونەوە/٢٠٢٢ لە ٢٠٢٢/٩/١٨ بریاری دابە هەڵوەشاندنەوەی بریاری بەرای ژمارە ٢٣١٧/ب/٢٠١٨ کەدەرچووەلە ٢٠١٩/٦/١٣ و بریار دراوە بە پابەندکردنی داوالەسەرکراو بەڕێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای ...... /سەرەرای کارەکەی بە دانی بڕی (٣٠٠,٠٠٠) دینار بە داواکار وەکو قەرەبوو کردنەوەی بەرامبەر ئەو زەرەرو زیانانەی پێ گەیشتووە لە ئەنجامی دروست کردنی باڵەخانە لەلایەن داوالەسەرکراو . دوای نارازی بوونی تێهەلچوولەسەرکراو بە بریاری

**ناوبراو تانەی لێدا لای ئەم دادگایە بەپێ ی تیانووسی پێداچوونەوە ڕەسم لێدراو لە بەرواری ٢٠٢٣/٤/١٢ .دوای گەیشتنی تانەو دۆسیەکە دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-**

**بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایی پێشکەش کراوە بۆیە پەسەندە لەرووی شێوەوە و تێبینی کرا کە بڕیاری تانە لێدراو ڕاست و دروستە و پابەندی یاسایە دادگای تێهەلچوونەوە پەیرەوەی بڕیاری ئەم دادگایەی کردووە بە ژمارە ٣٢٠/دەستەی شارستانی تێهەلچوونەوە/٢٠٢٢ لە ٢٠٢٢/٩/١٨ هەروەها ڕاپۆرتی پێشکەش کراو لەلایەن حەوت شارەزای دادوەریی دەکری پشت پێ ببەسترێ بۆ دروست کردنی بڕیارێکی دروست لەبەر ئەمە ئەم دادگایە بڕیاری دا بەراستاندنی بڕیاری تانە لێدراو و ڕەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوە لە ئەستۆگرتنی پێداچووکار بەرەسمی پێداچوونەوە ئەم بڕیارەش بەکۆڕا دەرکرا لە ٢٠٢٣/١٠/١٨.**

**ژمارە / ٣٨٥/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٣ بەروار ٢٠٢٣/١٠/٣٠**

**داواکار لەرێگەی بریکارەکەیەوە لە پێش دادگای بەرایی کەلار بانگەشەی ئەوەی کرد کە دوکانێکی لە داوالەسەرکراو بەکرێ ی وەرگرتووە لە تەلاری (.....) ی بازرگانی لەنێو بازاری کەلار لەسەر موڵکی ژمارە (١٧١٨/٥) ی کەرتی (١٠١) بنگرد دوست کراوە و لەبەر ئەوەی لەکاتی ئەنجامدانی گرێبەستی نێوان هەردوولایان بڕی (٤٥٠٠٠دۆلار) دە دەکاتە بڕی (٦,٦٦٠,٠٠٠) دینار بەشێوەی سەرقوفلانە داوە بە داوا بە داوالەسەرکراو ، ولەبەرئەوەی ئەو سەرقفلانە بە پێچەوانەی یاسایە بۆیە داوای کرد لە دادگا بانگهێشتی داوالەسەرکراو بکرێت وبریار بدرێت بە پابەندکردنی بەگەڕاندنەوەی بڕی سەرقفلانەکە ، لە ئەنجامی دادبینی ئاشکرای ڕووبەروو دەرهەق بەهەردوولا دادگای بەرایی کەلار لە داوای ژمارە ٣٥٦/ب/٢٠٢١ لە ٢٠٢٢/١٠/٢ بڕیاری دابە ڕەدکردنەوەی داوای داواکار وە لە ئەستۆگرتنی تێچووی داواکە وە هەروەها کرێی ماندووبوونی پارێزەریش ، داواکار بەبریارەکە لەرێگەی بریکارەکەیەوە تانە تێهەڵچوونەوەی لێدا بەپێی تیانووسی تێهەلچونەوە ڕەسم بۆ دراوی بەرواری ٢٠٢٢/١١/١٥، دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی کەرکوك /گەرمیان بە ژمارە ٤/س/٢٠٢٣ لە ٢٠٢٣/٣/١ بریاردرا بە پشتگیری کردن لە بریاری دادگای بەرایی کەلار بە ژمارە ٤٦٥/ب/٢٠٢١ لە ٢٠٢٢/١١/٦ وە ڕەدکردنەوەی تیانووسی تێهەلچوونەوە ،**

**تێهەلچووکار رازی نەبوو بەو بریارە و تانەی لیدا لای ئەم دادگایە بەپێ ی تیانووسی پێداچوونەوەی رەسم بۆ درا لە ٢٠٢٣/٣/٢٠ تیای دا داوای هەڵوەشاندنەوەی بریارەکە دەکات و پاش گەیشتنی تانەو دۆسیەکە تۆمارکرا بۆ وردبینی و گفتوگۆ .**
**بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت تانەی پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایی پێشکەش کراوە ، بۆیە پەسەند لە ڕووی شێوەوە لەرووی ناوەڕۆکەوە بریاری تانە لێدراو راستەو پابەندی یاسایە بەو ئاراستەیەی پێداچووە بەلاّم دەبوو دادگا بریاری خۆی دەرکردایە بەپشتگیری کردنی بریاری بەرایی لەرووی ئەنجامەوە چونکە دادگای بەرایی داواکەی رەتکردۆتەوە لەبەرئەوەی داواکار تائیستا کرێچی یە لە بەکرێگیراوەکەوە لەبەر دەستێتی و بەلام دادگای تێهەلچوونەوە  پشتگیری بریاری بەرایی کردووە لەبەرماوە بەسەرچوون (تقادم) بە پیێ ی مادەی (٢٤٤/شارستانی) کە تێدا هاتووە ماوەی سێ سال بەسەرچوون ماوەی کەوتنە (سقوط) بۆیە دەبوو دادگا بریاری بدایە بەشتگیری بریاری بەرایی لەرووی ئەنجامەوە لەبەرئەوە ئەم دادگایە بریاری درابە راستاندنی بریاری تانە لێدراو و رەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوە لە ئەستۆگرتنی تێهەلچووکار بەرەسمی پێداچوونەوەو ئەم بریارەش بە کۆڕا دەرکرا لە ٢٠٢٣/١٠/٣٠.**

**ژمارە / ٤٠٣/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٣ بەروار ٢٠٢٣/١٠/٣١**

**خوالێخوشبوو داواکار (س/ س/ ی/) لە رێگای بریکارەکەیەوە لەبەردەم دادگای بەرایی عنکاوە بانگەشەی ئەوەی کردبوو کە میراتدەری داوالێکراوان کە دەکاتە باوکیان بەشی خۆی لە ملك ژمارە (٦١٨/١ ك ٥ عنکاوە) بەبڕی (٢٧٠٠) دیناری سویسری ، وەبەسێ بەش پارەکەی پێداوە وە لەبەر کۆچی دوای (ی/ ی/ی/) کە دەکاتە میراتدەری داوالێکراوان مولکەکە تۆمار نەکراوە بەناوی سەرەرای پێراگەیاندنیان بە هۆشداری وە لاری دەکەن بە تۆمارکردنی مولکەکە بەناوی داواکار ، بۆیە داوایان لە دادگا کردووە داوالێکراوان سەرەای میراتی میراتدەریان بانگهێشت بکرێت بۆ دادبینی و پابەند کردنیان پێکەوە بە هاوکاری (بالتکامل والتضامن) بەدانی جیاوازی نرخ (الفرق بین البدلین) کە دەیخەملێنن بەبڕی (٦٠٠,٠٠٠,٠٠٠) دینار . وەلەبەر دانی رەسم داواکەی چرکردووتەوە بەبڕی (٥٠٠,٠٠٠) وەپاراستنی مافی خۆی بە داواکردنی باقی پارەکە بە داوایەکی سەربەخۆ یان تێهەلکێش ، وەلە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی ئاشکرا دادگای بەرایی عنکاوە بە ژمارە (٤٠٧/ب/٢٠١٨) لە ٢٠٢٢/٩/٢٢ بریاری دەرکردووە بە رەتکردنەوەی داوای داواکاران سەرەرای میراتی میراتدەریان وە بریارەکە ئامادەییە شیاوی تێهەلچوونەوەو پێداچوونەوەیە ، دوای نارازی بوونی داواکاران بەبریاری ناوبراو تانەیان لێدا بە شێوەی تێهەلچوونەوە بەپێ ی تیانووسی تێهەلچوونەوەی رەسم لێدراولە رێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/٦ دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بەشێوەی رەسن بە ژمارە ٤٩/س/٢٠٢٣ لە ٢٠٢٣/٤/٤ ، بریاری دەرکردووە بە**

**رەتکردنەوەی تیانووسی تێهەلچوونەوەلەرووی شێوەوە و بریارەکە ئامادەییە و شیاوی پێداچوونەوەیە ، دوای نارازی بوونی تێهەلچوکاران بەبریاری ناوبراو تانەیان لێدا لەبەردەم ئەم دادگایە بەپیٚ ی تیانووسی پێداچوونەوەی رەسم لێدراو لە ٢٠٢٣/٤/٥. دوای گەیشتنی تانەو دۆسیەکە دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-**

**بریار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت تانەی پێداچوونەوە لەماوەی یاسایی پێشکەش کراو بۆیە پەسەندکرا لە رووی شێوەوەو تێبینی کرا بریاری تانە لێدراو راستەو پابەندی یاسایە چونکە داواکاران داوای جیاوازی دوو نرخ دەکەن چونکە میراتدەری داوالەسەرکراوان  ئەو بەشەی لە مافی رەفتارکردن لەپارچە زەوی بابەتی داوافرۆشتبوو پیٚ ی پاش مردنی نەکرا ئەو مافە بەناوی داواکار تۆماربکرێت باشان لە سالی ٢٠١٠ کۆژانەوەی بۆ پارچە زەویەکە کرا دادگای تێهەلچوونەوە بریاری دەرکردووە بەرەتکرنەوەی تانەی تێهەلچوونەوە لەرووی شێوەوەو لەسەر ئەو بنەمایەی کە بریاری دادگای بەرایی بەپلەی کۆتایی دەرکراوە تەنها شیاوی پێداچوونەوەیە  لەبەردەم دادگای تێهەلچوونەوەی یە خەسلەتی پێداچوونەوە و شیاوی تێهەلوونەوە نییە بریارەکە لەم لایەوە دروستە چونکە تایبەتمەندی دەکەوێتە پێش دەفع کردنی بەماوە بەسەرچوون (تقادم) گەرچی داوالەسەرکراوان داواکەیان رەتکردەوە و دەفعیان کرد بەماوە بەسەرچوون بۆیە بریار درا بە راستاندنی بریاری تانە لێدراو ورەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لە ئەستۆگرتنی پێداچووکار بەرەسمی پێداچوونەوەو ئەم بریارەش بە کۆرا دەرکرا لە ٢٠٢٣/١٠/٣١.**

**ژمارە / ٤٠٥/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٣ بەروار ٢٠٢٣/١١/٢**

**داواکار لەبەردەم دادگای بەرایی هەولێر رایگەیاندووە کەوا خانووی ژمارە (٩٩٧) لە داوا لەسەرکراو کریوە بەپیٚ ی گرێبەستی ژمارە ٢٣٩٨ لە ٢٠٢٢/٧/٢٦ بەبرِی (٦٠,٠٠٠دۆلار) و هەروەها پارەکەی تسلیم کردووە دەبوایە داوالەسەرکراو لەماوەی (١٨) مانگدا خانوەکە تسلیم بکات بەلام نەیکردووە . بۆیە داوای کردووە بانگهێشتی دادگا بکرێت و پابەندبکرێت بە دانی (الغرامات التأخیریە) لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای بەرایی هەولێر بە ژمارە (٣١٥١/ب/٢٠١٧) لە ٢٠١٩/٣/٢٤ بریاری داوەبە پابەندکردنی داوالەسەرکراو بە دانی برِی (١٤٦٧٥دۆلار ) یان بەرامبەر برِی (١,٨٤٦,١١٥) دینار بۆ داواکار و رەتکردنەوەی برِی زیادەی داواکراو . دوای نارازی بوونی تێهەلچووکار دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە ژمارە ١٢٦/س/٢٠١٩ لە ٢٠٢٣/٤/٦ بریای دابە هەلّوەشاندنەوەی بریاری بەرایی ئاماژەپێکراو . دوای نارازی بونی تێهەلچووکار  تانەی لێدا لای ئەم دادگایە بە پیٚ ی تیانووسی پێداچوونەوەی رەسم لێدراو لە بەرواری ٢٠٢٣/٥/٢. دوای گەیشتنی تانەو دۆسیەکە دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-**

**بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت تانە پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایی پێشکەش کراوە بۆیە پەسەندکرا لە رووی شێوەوە تێبینی کرا بڕیاری تانە لێدراو راستەو پابەندی یاسایە چونکە سەلماوە کە تێهەلچوولەسەرکراو دواکەوتووە لەرادەست کردنی خانووەکە بۆ تێهەلچووکار بۆ ئەوماوەیەی کە لەراپۆرتی شارەزای دادوەری دیاری کراوە کە شایانی ئەوەیە وەك هۆکارێك بۆ دەرکردنی بڕیار لەلایەکی ترەوە خودی داواکار دانی ناوە بەوەی کە هەلساوە بەنۆژەن کردنەوەیی یەکەی نیشتەجێ وبوونی بابەتی داوا لەسالی ٢٠١٥ کەئەمەش پشتگیری ئەوە دەکات کەیەکەکەی وەرگرتووە لەو بەروارەوە لەبەرئەمە بڕیاری درابە راستاندنی بڕیاری تانە لێدراو وەرەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لەئەستۆگرتنی پێداچووکار بەرەسمی پێداچوونەوە ناوبراو پابەند بکرێت بە دانی باقی رەسم و ئەم بڕیارەش بە زۆرینە دەرکرا لە ٢٠٢٣/١١/٢.**

**ژمارە / ٤٢٩/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٣ بەروار ٢٠٢٣/١١/٦**

**داواکار لەبەردەم دادگای بەرایی پیرمام ڕایگەیاندووە کەوا بە بڕیاری سەرۆکی حکومەتی هەرێم پارچەزەوی یەکی پێ بە خشراوە وەکو هاولاَتیەکی کوردستان بەلاَم داوالێکراو لاری دەکات لەجێ بە جێ کردنی فەرمانەکە بووە هۆکاری ئەوەی بێبەش بێت لەو مافەی پێ ی دراوە لەبەرئەوەی زۆر (مماطلة) ی کردووە تاوەکو پارچەزەویەکە وەرنەگرێت ، بۆیە داوای کردوە داوالێکراو بانگهێشتی دادگا بکرێت و پابەندبکرێت بە قەرەبووکردنەوەی بەو زەرەرو زیانەی پێ ی گەیشتووە کە خەملاندوویەتی بەبڕی (٥٠٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار . لەئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای بەرایی هەولێر بە ژمارە ٢٩٥١/ب/٢٠٢٢ لە ٢٠٢٣/٢/٢٠ بڕیاری دا بە رەتکردنەوەی داوای داواکار . دوای نارازی بوونی تێهەلچووکار دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە ژمارە ٨٦/س/٢٠٢٣ لە ٢٠٢٣/٥/٩ بڕیاری دا بە پشتگیری کردنی بەرایی بەرایی ئاماژەپێکراو و رەتکردنەوەی تانەی تێهەلچوونەوە. دوای نارازی بونی تێهەلچووکار تانەی لێدا لای ئەم دادگایە بە پێ ی تیانووسی پێداچوونەوەی رەسم لێدراو لە بەرواری ٢٠٢٣/٥/٦. دوای گەیشتنی تانەو دۆسیەکە دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-**

**بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت تانەی پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایی پێشکەش کراوە بۆیە پەسەندکرا لە رووی شێوەوە تێبینی کرا بڕیاری تانە لێدراو راستەو پابەندی یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی لەبڕیارەکەدا هاتووە لەبەرئەوە بڕیاردرا بە راستاندنی بڕیاری تانە لێدراو وەرەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لەئەستۆگرتنی پێداچووکار بەرەسمی پێداچوونەوە ئەم بڕیارەش بە زۆرینە دەرکرا لە ٢٠٢٣/١١/٦.**

**ژمارە / ٤٤٣/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٣ بەروار ٢٠٢٣/١١/٨**

داواكار لەبەردەم دادگای بەرایی هەولێر لە ڕێگای بریكارەكەیەوە ڕایگەیاندوە كەوا لەگەڵ هاوسەرەكەی خاوەنی ٤١٠ دۆنم زەوی بوون لە زەوی ژمارە / كەرتی ١٦ قونیان كە ڕووبەری ١٥٣٥ دۆنم بوو لەگەڵ هاوبەشەكانی تر داوالێكراو لەكاتی خۆی ئاگاداری كردووە كە كەسانێك هەن دەتوانن زەوی یەكە (اطفاء) بكەن بەرامبەر وەرگرتنی ماندووبونی كە دەكاتە ٢٠ پارچە زەوی و زەویەكە ( اطفاء ) كراو داواكار تەنها ٢٥٠ كارتی زەوی وەرگرت و لەو كارتانە ٢٠ كارتی تەسلیمی داوالێكراو كردووەو پاشان بە دیاركەوتووە كەوا داوالێكراو ئەو ٢٠ پارچە زەویەی كە داواكار بەبێ هۆ وەرگرتووە بۆیە داوا دەكات بەپابەنەكردنی بەدانی بڕی (٧٥٠,٠٠٠,٠٠٠) دینار بۆ هەرپارچەزەوی یەك دوای ئەنجام دانی دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا دادگای بەرایی هەولێر بە ژمارە ١٩٧١/ب/٢٠٢٠ لە بەرواری ٢٠٢٢/٥/٢٦ بریاری دابە ڕەتكردنەوەی داوای داواكار . دوای نارازی بونی تێهەلچووكار دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بەژمارە ٢١٠/س/٢٠٢٢ لە ٢٠٢٣/٥/٧ بریاری دا بە پشتگیری كردنی بریاری بەرایی ئاماژەپێكراو ڕەتكردنەوەی تانەی تێهەلچوونەوە ، دوای نارازی بوونی تێهەلچووكار لێدا لای ئەم دادگایە بەپێ ی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە بەرواری ٢٠٢٣/٥/٢٥ دوای گەیشتنی تانەو دۆسیەكە دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-

بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەركەوت تانە پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایی پێشكەش كراوە بۆیە بە پەسەندكرا لەرووی شێوەوە وتێبینی كرا بریاری دادگای تێهەلچوونەوە بە پشتگیری كردنی بریاری بەرایی ڕاست نییە پێچەوانەی یاسایە و بریارێكی پێش وختەیە چونكە دەبوایە دادگا داوا لە تێهەلچووكار بكات بەسەلماندنی داواكەی وە پارەی نەدانی ئەو پارچە زەویانە بە داوالەسەركراو وەرەنەگرتنی نرخەكانیان ولەكاتی ناتوانایی سەلماندن مافی ئەوەی پێ بدرێت سوێندی یەكلاكەرەوە ئاراستەی ركابەرەكەی بكات دەربارەی ڕێكەوتنیان بەدانی ئەو پارچە زەویانە بۆ داوالەسەركراو وەلەبەرئەوەی دادگا بەپێچەوانەی روونكردنەوەكانی سەرەوە بریاری دەركردووە لە بەرئەمە بریار درا بەهەڵوەشاندنەوەی بریاری تانە لێدراو گەرانەوەی دۆسیەكە بۆ دادگاكەی بەمەبەستی دادبینی كردنەوە تێدا و بریاری بیوسیت دەربكات لەسەر ڕۆشنایی بۆ چونەكانی سەرەوە و هێشتنەوەی رەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام ئەم بریارەش بە كۆڕا دەركرا لە ٢٠٢٣/١١/٨.

ژمارە / ٤٦٣/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٣ بەروار ٢٠٢٣/١١/١٦

داواكار لەرێگای بریكارەكەی بانگەشەی ئەوەی كرد كە داوالێكراو سەرەرای كارەكەی زێدە رۆی كردۆتەسەر مولكی ژمارە (٤٥/٤١١) ك ٧ باپشتیان كە خاوەنداریەتی بۆ ئەو

**دەگەرێتەوە بە دروستکردنی شەقام لە سالی (٢٠٠٦) و(٢٠١٣) دیواری پالپشتی و وکدبستۆن بە جۆرێك بۆتە هۆی ئەوەی کەسوودمەند نەبێت لە بەکارهێنانی مولکەکەی بۆیە داوای کردووە داوالێکراو بانگهێشتی دادبینی بکرێت و بریار دەربچێت بە پابەندکردنی بەدانی کرێی هاوتای مولکی ئاماژەپێکراو کەخەملاندویەتی بەبڕی (١٠٠,٠٠٠) دینار مانگانە و گۆی گشتی بەبڕی (١٦٨,٠٠٠,٠٠٠) دینار بۆمەبەستی دانی میرانەی یاسایی دوای چرکردۆتەوە بەبڕی (١٠٠,٠٠٠) دینار وەکو کرێی هاوتای مانگی (١٢) ی سالی ٢٠١٤ لەگەڵ پاراستنی مافی خۆی بەداواکردنی بەشەکەی تری بە داوایەکی سەربەخۆ یان تێهەلکێش ، وەلەئەنجامی دادبینی ئامادەیی ئاشکرا دادگای بریاری داوە بە رەتکردنەوەی داوای داواکار کە لە دادگای بەرایی سۆران دەرچووە بە ژمارە (٨٥/ب٢٠٢٠) لە ٢٠٢٣/٢/٦ لەگەڵ خستنە ئەستۆی تەوای خەرجی داواکە ماندووبوونی پارێزەرایەتی بریکاری سەرەرای کارەکەی فەرمانبەری مافپەروەر بەبڕی (١٠,٠٠٠) دینار لەم بڕە رێژەی (٣٠٪) ی نوێنەری داوالێکراو سەرەرای کارەکەی ویرێژەی (٢٠٪) ی بۆ فەرمانبەرانی یاسای لە فەرمانگەی داوالێکراو**

**سەرەرای کارەکەی رێژەی ٥٠٪ ی وەکو داهات تۆماردەکرێت بۆ گەنجینەی هەرێمی کوردستان وەبریارەکە ئامادەیە شیاوی تێهەلچوونەوە وپێداچوونەوە بە دوای نارازی بوونی داواکار بەبریاری ناوبراو تانەی لێدا بە شێوەی تێهەلچوونەوە بەپێ ی تیانووسی رەم لێدراو لە رێکەوتی ٢٠٢٣/٢/١٣ دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بەشێوەی رەسن بە ژمارە (٩٤/س/٢٠٢٣) لە ٢٠٢٣/٥/٩ بریاری دەرکردووە بەرەتکردنەوەی تانەی تێهەلچوونەوە وە بریارەکە ئامادەییە وشیاوی پێداچوونەوەیە ، دوای نارازی بوونی تێهەلچووکار بەبریاری ناوبراو تانەی لێدا لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێ ی تیانووسی پێداچوونەوەی رەسم لێدراو لە رێکەوتی ٢٠٢٣/٥/٣٠ دوای گەیشتنی تانەو دۆسیەکە دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-**

**بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لە رووی شێوەوە و تێبینی کرا بریاری تانە لێدراو راستەو پابەندی یاسایە چونکە داواکار داواکەی قەتیش (حصر) کردووە بە داواکردنی کرێ ی هاوتا بۆیەك مانگ (کانونی یەکەم سالی ٢٠١٤) و خەملاندوویەتی بەبڕی (١٠٠,٠٠٠) دینار بەو شێوەیە رەسمی داواکەی داوە لەبەر ئەمە بریاری حوکمی بەرایی بەپلەی کۆتایی دەرچووە تەنها شیاوی پێداچوونەوەیە لەبەردەم دادگای پێداچوونەوە وشیاوی تانەی تێهەلچوونەوە نیە بۆیە بریار درا بە راستاندنی بریاری تانە لێدراو ورەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لەئەستۆگرتنی پێداچووکار بەرەسمی پێداچوونەوە ئەم بریارەش بە کۆڕا دەرکرا لە ٢٠٢٣/١١/١٦.**

داواكار لەبەردەم دادگای بەرایی هەولێر/١ لە ڕێگای بریکارەکەیەوە بانگەشەی ئەوەی کردووە خاوەن مولکی ژمارە (١/١٠٥٧٩) ك ٩٤ باداوە یەکە خانوویەکی (١٥٠م٢) یەوە تۆمارە بەناوی خۆی ، وە داوالێکراو بەبیٚ بوونی هیٚچ سەندێکی یاسایی یان گرێبەستێك لە ناو خانووەکەدا ماوەتەوە وە دەستی بەسەر داگرتووە ، بۆیە داوای لە دادگای کردووە داوالێکراو بانگهێشت بکات بۆ دادبینی وبریار بدات بەپابەندکردنی داوالێکراو بە رادەستکردنەوەی خانووەکە بە بەتاڵی وەبیٚ کەم و کوڕی و ڕێگرینەکردن لە سودی ساڵانەی خانووەکە خەملاندووە بە (٣,٠٠٠,٠٠٠) دینار ، لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای بەرایی هەولێر /١ بریاری ژمارە (٣٦٥٤/ب١/٢٠٢٢) لە ٢٠٢٣/١/٣١ بریاری داوە بەرەتکردنەوەی داوای داواکار وە بریارەکە ئامادەییەوە شیاوی تێهەلچوونەوە و پێداچوونەوەیە ، دوای نارازی بوونی داواکار بەبریاری ناوبراو ، تانەی لێدا بەشێوەی رەسەن بە ژمارە (٦٤/س/٢٠٢٣ لە ٢٠٢٣/٥/٢)  بریاری دەرکردووە بە پشتگیری کردنی بریاری دادگای بەرایی بە ژمارە (٣٦٥٤ /ب/٢٠٢٢) لە ٢٠٢٣/١/٣١ لە دادگای بەرایی هەولێر /١ دەرچوو وە رەتکردنەوەی تیانووسی تێهەلچوونەوە وەبریارەکە ئامادەییە شیاوی پێداچوونەوەیە ، دوای نارازی بوونی تێهەلچووکار بەبریاری ناوبراو تانەی لێدا لەبەردەم ئەم دادگایە بەپیٚ ی تیانووسی پێداچوونەوەی رەسم لێدراو لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٥/٣١ دوای گەیشتنی تانەو دۆسیەکە دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-

بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت تانە پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایی پێشکەش کراوە بۆیە قەبول کرا لە رووی شێوەوە  تێبینی کرا بریاری تانە لێدراو راستەو پابەندی یاسایە چونکە سەلماوە کە داوالێکراو خواست و رەنجەیی خۆی راگەیەندووە لەکاتی دەست لەسەردانان (وضع الید) کە لە ناوخانوەکە دەمێنێتەوە پاش فرۆشتنی وەك کرێچی بۆیە ناکرێت ناچار بکرێت بەچولکردنی خانوەکە بۆیە مانەوەی لە ناوخانوەکە پاساوێکی شەرعی و یاسایی هەیە و بەپیٚ ی مادەی ١٥/ف١ لە یاسای بەکریٚ دانی خانووبەرە ڕێگەی داوە بە دانیشتووی مولکەکە نیازی خۆی دەربرێت بە ناوە  لە ناوخانوەکە بۆیە ئەم دادگایە بریاری دابە راستاندنی بریاری تانە لێدراو  ورەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لەئەستۆگرتنی پێداچووکار بەرەسمی پێداچوونەوە ئەم بریارەش بە کۆڕا دەرکرا لە ٢٠٢٣/١١/١٢.

ژماره / ٤٧١/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٣ بەروار ٢٠٢٣/١١/٢٨

داواکاران لەرێگای بریکارەکەیانەوە لەبەردەم دادگای بەرایی هەولێر رایگەیاندووە کەوا هەستاون بە فرۆشتنی زەوی ژمارە (٢٥١٠٥ ك ٤٥ وارش ) بە داوالێکراو بەلام لاری دەکات لە دانی بڕی پارەی ئاماژەپێکراو بە داواکاران . بۆیە داوا دەکەن بەپابەندکردنی داوالێکراو بە دانی بڕی (٣٢٥,٠٠٠ دۆلاری) ئەمریکی بۆیان و (اعاده الحال الى ماكان عليه قبل البيع ) لەئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای بەرایی هەولێر بە ژمارە ٥٠٣/ب/٢٠٢٢ لە ٢٠٢٢/٨/١٠ بریاری دا بە رەتکردنەوەی داواکار داواکار دوای نارازی بوونی تانەی لێدار لە دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە ژمارە ٣١٥/س/٢٠٢٢ لە ٢٠٢٣/٥/٧ بریاری دا بە پشتگیری کردنی بریاری بەرایی ئاماژەپێکراو رەدکردنەوەی تانەی تێهەلچوونەوە ، دوای نارازی بوونی تێهەلچووکاران تانەیان لێدا لای ئەم دادگایە بەپێ ی تیانووسی پێداچوونەوەی رەسم لێدراو لە ٥ / ٦ /٢٠٢٣ . دوای گەیشتنی تانەو دۆسیەکە دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و دەرکەوت تانەی پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایی پێشکەش کراوەبۆیە پەسەندە لەرووی شێوەوە و سەرنج درا بریاری تانە لێدراو کە پشتگیری بریاری بەرایی کردووە راستەو پابەندی یاسایە چونکە ئەوە سەلمێنراوە داواکاران لەرێکەی بریکارەکەیانەوە ئامادەبوونە لەبەردەم بەرێوەبەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرە دانی ناوە کە بریکاردارانی نرخی فرۆشراوە کەیان وەرگرتووە ئەویش لە ٢٠٢٠/١٠/٤ ئەم دانپێنانە لە بەردەم فەرمانبەری میری بووە و تۆمارەکانی خانووبەرە بەلگەیە بۆ هەموو خەلك ناکرێ تانەی لێ بدرێت تەنها بەساختەکاری (تزوير) نەبێت لە بەرئەوە بریار درا بە راستاندنی بریاری تانەلێدراو رەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لەئەستۆگرتنی پێداچووکار بەرەسمی پێداچوونەوەو ئەم بریارەش بەکۆڕا دەرکرا لە ٢٠٢٣/١١/٢٨.

ژمارە / ٤٧٧/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٣ بەروار ٢٠٢٣/١١/١٢

داواکار لە رێگەی بریکارەکەیەوە لەبەردەم دادگای بەرایی /٢ لە داوای بەرایی ژمارە (٨٩٥/ب/٢٠١٥) بانگەشەی ئەوەی کردووە کە لەبەرواری ٢٠١٥/٢/٨ بەهۆی بریکاران داوانامەیەکیان پێشکەش بە دادگای بەرایی کردووە ڕونیان کردووە کە بری (٣٠٨,١٦٠,٠٠٠) دینار لاری داوالێکراو بۆیش کاری کۆمپانیاکەیان لە ناحیەی بیباز لە قەزاری کەلار کاری کردووە وەکو کۆنکریتی سەقف وبناگەی بۆ کسی ئاوەرۆ و شوستەو کریبستون کۆنکریتی کۆلانەکان و شتی تر ، بۆیە داوایکرد بانگهێشتی داوالەسەرکراو

بكرێت بۆ دادبینی و بریار بدرێت (پابەند بکرێت بەگەرانەوەی ئەو پارەیە ) لە ئەنجامی دادبینی و ئاشکرا دادگای ناوبراو بریاری دەرکردوە بە ژمارە ٨٩٥/ب/٢٠١٥ لە ٢٠٢٢/١/٣٠ بەپابەندکردنی داوالێکراو بەپێدانی بەبڕی (١٠١,٥٨٢,٥٠٠) دینار بە داواکار ، داوالێکراو تانەی لەو بڕیارەکەداوە بە تێهەلچوونەوە بەهۆی بریکارەکەیەوە بەپێی تیانووسی رەسم لێدراو لە ٢٠٢٢/٢/٧ دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی سلێمانی بە ژمارە ٤٣/س/٢٠٢٢ لە ٢٠٢٣/٥/١٨ بریاری دا بە پشتگیریکردنی بریاری بەرایی ئاماژە پێکراو وەردکردنەوەی تیانووسی تێهەلچوونەوە، پێداچوکار ڕازی نەبوو بەم بڕیارە و تانەی لێدا لای ئەم دادگایە بەپێ ی تیانووسی پێداچوونەوەی رەسم بۆ درا لە ٤ / ٦ / ٢٠٢٣ تیای دا داوای هەڵوەشاندنەوەی بریارەکە دەکات و پاش گەیشتنی تانەو دۆسیەکە تۆمارکرا بۆ وردبینی و گفتوگۆ :-

بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت تانەی پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایی پێشکەش کراوە بۆیە پەسەندە لەرووی شێوەوە و تێبینی کرا بریاری دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی سلێمانی بەپشتگیری کردنی بریاری دادگای بەرایی سلێمانی لەبەر ئەو ئەو هۆکارنەی لە بریارەکە دا هاتووە بریارێکی دروستە و پابەندی یاسایە چونکە رونبوەتەوە کە داوالێکراو کاری کونکرێتی کۆلانەکانی بیباری پێ سپێردراوە و رێکەوتووە لەگەڵ ئەوەیش کۆنکرێتی بۆ ئامادەکردووە لەبەرئەوە شایستەی مافەکانێتی دادگاش بۆ ئەم مەبەستە پەنای بردووە بۆ شارەزای دادوەری ڕاپۆرتەکەیان گونجاوە دادگا بە هەند وەریگرتوە لەبەر ئەوە ئەم دادگایە بریاری دا بەراستناندنی بریاری تانە لێدراو رەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لە ئەستۆگرتنی پێداچووکار بەرەسمی پێداچوونەوە ئەم بریارەش بە زۆرینە دەرکرا لە ٢٠٢٣/١١/١٢.

ژمارە / ٤٨٩/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٣ بەروار ٢٠٢٣/١١/١٦

داواکار لەرێگەی بریکارەکەی لەبەردەم دادگای بەرایی سۆران بانگەشەی ئەوەی کردووە کەوا داوالێکراو هەلساوە بە فرۆشتنی دوکانێکی بازرگانی بە داواکار کە دەکەوێتە جووت سایدی جوندیان بەرامبەر برِی پارەی (١٣٨٥٠٠دۆلار ) دۆلاری ئەمریکی ، بەپێ ی گرێبەستی دەرەکی نێوانیان کە لە رێکەوتی (٢٠١٩/٢/٥) لەلایەن هەردوولا واژوولەسەرکراوە ، وە رێك کەوتوون بینایەی دوکانەکە لەسەر زەوی بەرووبەری (٩٥م٢) هەروەك لەسەرگرێبەستی نێوانیان ئاماژەکراوە ، دوایی ئەنجامدنی گرێ بەستەکە داواکار بۆ مەبەستی نۆژەن کردنەوەی دوکانە کە دەرکەوتووە بەشێکی دووکانە کە بەبەر شەقامی گشتی بەرووبەری نزیکەی (٣٠م٢) ، بۆتە هۆی زەرەمەند لەم گرێبەستەی نێوانیان ، بۆیە داواکار داوای لە دادگا کردووە داوالێکراو بانگهێشت بکرێت بۆ دادبینی و پابەند بکرێت بەقەربووکردنی داواکار بەم زەرەرانەی پێ ی گەیشتووە گە یشتووە کە دەخەملێنێت بەبڕی

(٥٠٠٠٠ دۆلار) دۆلاری ئەمریکی ، بەمەبەستی دانی رەسمی یاسایی داواکەی چرکردۆتەوە بەبڕی پارەی (١٦٥,٠٠٠) دینار ، وەمافی داواکار پاراستووە بۆ داواکردنی ماوەی پارەکەی بە داوایەکی تێهەلکێش یان سەربەخۆ ، لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای بەرایی سۆران بە ژمارە ٢١١/ب/٢٠٢٣ لە ٢٠٢٣/٣/١٢ بریاری دەرکردووە بە رەتکردنەوەی داوای داواکار و دوای نارازی بوونی داواکار بەبریاری ناوبراو تانەی لێدا بەشێوەی تێهەلچوونەوە بەپێ ی تیانووسی رەسم لێدراو
لە رێکەوتی ٢٠٢٣/٣/٢٠ دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە ژمارە ١٥٢/س/٢٠٢٣ لە ٢٠٢٣/٦/٧بریاری دەرکردووە بە پشتگیری کردنی بریاری دادگای بەرایی سۆران بەژمارە (٢١١/ب/٢٠٢٣ لە ٢٠٢٣/٣/١٢) وە ڕەتکردنەوەی تانەی تێهەلچوونەوە ، وبریارەکە ئامادەییە شیاوی پێداچوونەوەیە دوای نارازی بوونی تێهەلچووکار بەبریاری ناوبراو تانەی لێدا لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێ ی تیانووسی پێداچوونەوەی رەسم بۆ دراو لە رێکەوتی ٢٠٢٣/٦/١٨ دوای گەیشتنی تانەو دۆسیەکە دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوە لەرووی شێوەوە تێبینی کرا بریاری تانە لێدراو راستە وپابەندی یاسایە لەرووی ئەنجامەوە چونکە دەبوایە دادگا داواکەی رەتکردایەتەوە لە ڕووی رکابەرییەوە (من جهة الخصومە) لەبەر ئەوەی داواکار داوای قەرەبوو دەکات لە جیاوازی نێوان رووبەری ئەو دوکانەی کە کریویەتی لە داوالێکراو کە خاوەنداریەتی زەویەکە دەگەرێتەوە بۆ شارەوانی نەك داوالێکراو کە ٢٤,٦٢م٢ کەمترە لەو رووبەرەی لە گرێبەستەکە هاتووە وە لەبەرئەوەی دادگا بە هۆکارێکی تر داواکەی رەتکردۆتەوە و گەیشتۆتە هەمان ئەنجام لەبەرئەمە وە بریار درابە راستاندنی بریاری تانە لێدار و رەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوەو لەئەستۆگرتنی پێداچووکار بەرسمی پێداچوونەوە ئەم بریارەش بە کۆڕا دەرکرا لە ٢٠٢٣/١١/١٦.

**ژمارە / ٤٩١/ دەستەی شارستانی تێهەلچوونەوە /٢٠٢٣ بەروار ٢٠٢٣/١١/١٧**

بریکاری داواکار لە بەردەم دادگای بەرایی عنکاوە بانگەشەی ئەوەی کردوە کە داوالێکراو ئامادە بێت لە بەردەم دادگا و بریار بدرێت بە فسخ کردنی گرێبەستی نێوانیان کە تایبەتە بە فرۆشتنی شقە بە بری ( ٢٠١,٨٨٨ ) دولار و الزام کردنی بە قەرەبوو کردنەوەی داواکار بە بری ( ١٥٠,٠٠٠,٠٠٠) دینار . دوای ئەنجام دانی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای بەرایی عنکاوە بە ژمارە ٢٥٧/ب/٢٠١٨ لە ٢٠٢١/٥/٤ بریاری دا بە رەتکردنەوەی داوای داواکار . دوای نارازی بونی تێهەلچوو کار تانەی لێدا و دادگای تێهەلچونەوەی ناوچەی هەولێر بە ژمارە ٤٠٩ / س/٢٠٢٢ لە ٢٠٢٣/٥/٣٠ بریاری دا بە پشتگیری کردنی بریاری بەرایی ئاماژە بۆکراو و رەتکردنەوەی تیانوسی پێداچونەوە دوای نارازی بونی تێهەلچووکار تانەی لێدا لای ئەم دادگایە

**به پێ ی تیانوسی پێداچونەوەی رەسم لێدرا و لە بەرواری ٢٠٢٣/٦/٢١ . دوای گەیشتنی تانە و دۆسیەکە دانرا بۆ وردبینی و گفتوگۆ :-**

**بریار // پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت تانەی پێداچونەوە لە ماوەی یاسایی پێشکەش کراوە بۆیە پەسندە لە رووی شێوەوە تێبینی کرا بریاری تانە لێدراو راستەو پابەندی یاسایە چونکە داواکاری نکۆلی کرد لەوەی سوێندی یەکلاکەرەوە ئاراستەی رکابەرەکەی بکات بەو شێوازەی دادگای تێهەلچونەوە دایرشتبوو . بۆیە داواکار ئەوە دەدۆرێنێت کە لە ئاراستە کردنی سوێندەکە دەکەوێتەوە بۆیە داوای داواکار هیچ پاساوی یاسایی نامێنێت مافی داوای هەلوەشاندنەوەی گرێبەستەکەی ناکەوێت لەبەر ئەوە بریار درا بە راستاندنی بریاری تانە لێدراو وە رەتکردنەوەی تانەی پێداچونەوە و لە ئەستۆ گرتنی پێداچوو کار بە رەسمی پێداچونەوە ، ئەم بریارەش بە کۆرا دەرکرا لە ٢٠٢٣/١١/١٧ .**

| ژمارە / ٥٠٥/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٣ | بەروار ٢٠٢٣/١١/٢٢ |
|---|---|

**داواکاری دووبارە دادگایی کردنی لەبەردەم دادگایی بەرایی لە رێگەی بریکارەکەیەوە بانگەشەی ئەوەی کردووە دادگای بەرایی هەولێر/٥ بەبریاری ژمارە ٢٩٨٩/ب٥/٢٠٢٢ لە ٢٠٢٢/١٠/١١بریاری داوە بەپابەندکردنی بەدانی بڕی (٧,١١٨,٥٤٠,٠٠٠) دینار بۆ داوالێکراوی دووبارە دادگایی کردنی لەبەر ئەوەی بریاری دادگای پلەی بنبڕی وەرگرتووە ، ئیستا بەڵگەی یاسایی هەیە بۆ سەلماندنی ئەستۆ پاکی ، بۆیە داوای لە دادگا کرد داوالێکراوی دووبارە دادگایی کردنی بانگهێشت بکات بۆ دادبینی بریار بدات بەهەڵوەشاندنەوەی بریاری ئاماژەپێکراو و رەتکردنەوەی داوای داواکاری لە ئەنجامی دادبینی و ئاشکرا دادگای بەرایی هەولێر بریاری ژمارە ٢٤/اعادە المحاکمە/ب٥/٢٠٢٣ لە ٢٠٢٣/٢/١٤ بریار دراوە بە رەتکردنەوەی داوای داواکار (ش/ ح/ م/ ) تێهەلچووکار رازی نەبوو بەم بریارە تانەی لێدا بەبێ ی تیانووسی تیای دا داوای هەڵوەشاندنەوەی بریارەکە دەکات دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە ژمارە ١٢٣/س/٢٠٢٢ لە ٢٠٢٣/٥/٢٢ بریاری دابە پشتگیری بریاری حوکمی بەرایی تێهەلچوونەوە تێداکراو ژمارە ٢١/اعادە المحاکمە /ب٥/٢٠٢٣ کە لە ٢٠٢٣/٢/١٤ لە دادگای بەرایی هەولێر /٥ دەرچووە و رەتکردنەوەی تانەی تێهەلچوونەوە پێداچووکار رازی نەبوو بەو بریارە و تانەی لێدا لای ئەم دادگایە تیای دا داوای هەڵوەشاندنەوەی بریارەکە دەکات و پاش گەیشتنی تانەو دۆسیەکە تۆمارکرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-**

**بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و دەرکەوت تانەی پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایی پێشکەش کراوە بۆیە پەسەندە لەرووی شێوەوە و تێبینی کرا بریاری تانە لێدراو راستەو**

**پابەندی یاسایە لە دەرئەنجامەوە چونکە دەبوایە دادگا بریاری بدات بەرەتکردنەوەی تانەی تێهەلچوونەوە لەرووی شێوەوە چونکە داوای دووبارە دادگای کردنەوە لەسەر داوای ژمارە (٢٩٨٩/ب/٢٠٢٢) لە ٢٠٢٢/١٠/١١ وە دادگا بریارەکەی داوە بەپلەی یەك (بالدرجە الاولی ) بریارەکەش شیاوی تانەی تێهەلچوونەوە و پێداچوونەوەیە وشیاوی داواکاری دووبارە دادگایی کردنەوە نیە پشت بە بەندی (١٩٧) لەیاسای دادبینیە شارستانیەکان بۆیە دەبوایە دادگایی بەرایی داواکەی رەتکردایەتەوە لە رووی شێوەوە نەك بچینە ناوەرۆکی داوەکەوە لەرووی بابەتەوە رەدی داواکە بکات بۆیە لەم لایەنەوە هەردوو دادگای بەرایی تێهەلچوونەوە بە هەڵەدا چوون بەلام بەرەتکردنەوەی داواکە گەیشتوونەتە هەمان دەرەنجام بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە راستاندنی بریاری تانە لێدراو لەرووی شێوەوە رەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوەو لەئەستۆگرتنی پێداچووکار بەرسمی پێداچوونەوە ئەم بریارەش بە کۆرِا دەرکرا لە ٢٠٢٣/١١/٢٢.**

ژمارە / ٥٢٥/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٣ بەروار ٢٠٢٣/١١/٢٧

**داواکار لەرێگای بریکارەکەیەوە لەبەردەم دادگای بەرایی سلێمانی /٢ لە داوای بەرایی ژمارە (٢٨٧٧/ب . رێلێگری لە بریاری پاشملە/٢٠١٩) لەبەرواری ٢٠٢٠/٢/٣ بەهۆی بریکاریان داوانامەیەکی پەڵگرتنیان پێشکەش بەم دادگایە کرد و رونیانکردەوە کە ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ٢٨٧٧/ب/٢٠١٩ لە ٢٠٢٠/١/١٥بە پاشملە بریاری دەرکردووە بە پابەندکردنیان بەپێدانی برِی (٢٠٠,٠٠٠) دینار لە کۆی (٢٥٠,٠٠٠,٠٠٠) دینار وەك کرێی ماندووبوونی پارێزەرایەتی لەبەرئەوەی بریارەکە نایاساییەو پێچەوانەی مافی پەڵپگرانە لەبەر ئەو هۆکارنەی لە داوانامەی پەڵپگرتندا ئاماژەیان پێداوە بۆیە داوایانکرد بانگهێشتی پەڵپکراوان بکرێت بۆ دادبینی و بریار بدرێت بە پوچەلکردنەوەی بریاری پاشملە . لە ئەنجامی ە دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو بریاری دەرکردوە بە ژمارە ٢٨٧٧/ب . رێلێگری لە بریاری پاشملە /٢٠١٩ لە ٢٠٢١/٦/١٦ بە پشتگیریکردنی بریاری پاشملەی دەرچوو لە دادگای بەرایی سلێمانی /٢ بە ژمارە ٢٨٧٧/ب/٢٠١٩ لە ٢٠٢٠/١/١٥ و پابەندکردنی پەڵبگران بەمیرانەی داوانامەی پەڵپگرتن ، بریارەکە شیاوی تێهەلچونەوە و پێداچوونەوەیە (پەڵپکران ) تانەی لەو بریارەکە داوە بەتێهەلچوونەوە بەهۆی بریکارەکەیەوە بەپێی تیانووسی رەسم لێدراوە لە ٢٠٢١/٦/٢٧ دادگای تێهەلچوونەوە ناوچەی سلێمانی بە ژمارە ١٤٠/س/٢٠٢١ لە ٢٠٢٣/٦/٥ بریاری دا بە پشتگیریکردنی بریاری بەرایی ئاماژپێکراوە لەسەرەوە و رەدکرنەوەی تیانووسی تێهەلچوونەوە ، تێهەلچووکاران رازی نەبوو بەم بریارە و تانەی لێدا لای ئەم دادگایە بەبێ ی تیانووس پێداچوونەوەی رەسم بۆ دراو لە ٢٠٢٣/٦/١٥ تیای دا داوای هەڵوەشاندنەوەی بریارەکە دەکات و پاش گەیشتنی تانەو دۆسیەکە تۆمارکرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-**

بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و دەرکەوت تانەی پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایی پێشکەش کراوە بۆیە پەسەندکرا لەرووی شێوەوە ، و تێبینی کرا بڕیاری تانە لێدراو ڕاست نییە و پێچەوانەی یاسایە چونکە داوالێکراوان نارازیان دەفعیان کردووە لە داواکە کە بڕی (۲۰۰۰دۆلار) داوەتە داواکاران و نەیانتوانی دەفعەکەیان بسەلمێنن و ئامادە نەبوون سوێندی یەکلاکەرەوە ئاراستەی نەیارەکانیان بدەن دوای ئەوەی سەلمێنرا داوالێکراوانیان کردۆتە بریکاری خۆیان پاشان لە بریکارنامەکە لایان بردوون بۆیە ناوبراوان شایستەی کرێ ی هاوتای کرێ ی پارێزەرایەتین چونکە نەسەلمێنراوە کە ڕێکەوتن هەبێت لەسەر بڕێکی دیاری کراو بۆ ماندووبوونی پارێزەرایەتی لەبەرئەوە دەبوایە دادگا پەنا ببات بۆشارەزای دادوەری بۆخەملاندنی کرێ ی هاوتا ئەوەی تێدا لەبەرچاو وەربگرێت کە کرێ بە قەدەر ماندووبوونە و ئەوەیش پاش لێکۆلینەوە لەراستی و دروستی دانی بڕی (۲۰۰۰دۆلار ) بۆ داوالێکراوان یان بڕیاریش دەدرێت بە بڕی پارەی ڕەسم لێدراو بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بەهەلوەشاندنەوەی بڕیاری تانە لێدراو و ناردنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بەمەبەستی دادبینی کردنەوە لە داواکە دا و دەرکردنی بڕیاری یاسایی دروست لەسەر ڕۆشنایی روونکردنەوەکانی سەرەوەو هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام ئەم بڕیارەش بە کۆڕا دەرکرا لە ۲۰۲۳/۱۱/۲۷

ژمارە / ٥٤٧/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ۲۰۲۳ بەروار ۲۰۲۳/۱۲/٤

بریکاری داواکار لەبەردەم دادگای بەرایی شەقلاوە ڕایگەیاند کەوا بەپێی گرێبەستی ژمارە (٤٣) لە ۲۰۱٤/۱/۲۳ هەلساوە بەکرینی خانوی ژمارە (٤٣) لە ۲۰۱٤/۱/۲۳ هەلساوە بەکرینی خانووی ژمارە (561 - A6) بەپێی نەخشەی شوێنی (..) پرۆژە لە پرۆژەی (......) بەبڕی (۷۰۰۰۰دۆلار ) کە بەپێی پسولەی پارە وەرگرتنی ژمارە (۰۰۲۰ لە ۲۰۱۳/٤/۲۹) ی تایبەت بە کۆمپانیا بەلام داوالێکراو - سەرەرای کارەکەی سەرەرای تەواوبونی ماوەی کارکردن لەپرۆژەکە (مدة انجاز المشروع) کەبریتی یە لە (۷۲۰) ڕۆژ لە ڕۆژی واژوکردنی گرێبەستەکەوە یەکەی نیشتەجێ بابەتی داوای رادەستی بریکار نەکردووە و سەرەرای ئاگادارکردنەوەی داوالێکراو / سەرەرای کارەکەی/ بەپێی هۆشداری ژمارە ۸۹۰/٤٣ لە ۲۰۱۹/٥/۱۹ لەرێگای دادنووسی هەولێر بۆیە داواکارە بڕیار نەدری بەهەلوەشاندنەوەی گرێبەستی بابەتی داوا و قەرەبوکردنەوەی داواکار . لەئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای بەرایی شەقلاوە بە ژمارە ۲٥۳/ب/۲۰۱۹ لەریکەوتی ۲۰۲۲/۲/۲٤ بڕیاری دا بە رەتکردنەوەی داوای داواکار بەرامبەر داوالێکراو . دوای نارازی بوونی تێهەلچووکار تێهەلچووکار بەبڕیاری ناوبراوی سەرەوە تانەی لێدا لای ئەم دادگایە بەپێ ی تیانووسی پێداچوونەوەی رەسم لێدراو لە ڕێکەوتی ۲۰۲۲/۹/٤ دوای دەرچوونی بڕیاری ئەم دادگایە بە ژمارە ٥٦۱/ هـ .م .أ /۲۰۲۲ لە ۲۰۲۲/۱۱/۱۳ بڕیاری دا بەهەلوەشاندنەوەی بڕیاری تانە لێدراو و دوای گەراندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگایەکی و ئەنجامدانی دادبینی دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە ژمارە ۹۰/س/۲۰۲۲ لە ۲۰۲۳/٦/۲٥ بڕیاری دا بە

**هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی بە ژمارە (٤٣)**

**لە ٢٠١٤/١/٢٣ لە نێوان تێهەلچوولەسەرکراو (بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای ..../ سەرەرای کارەکەی ) و تێهەلچووکار (م/ ع/ ا/) و پابەندبوونی تێهەلچوولەسەرکراو بە دانی بڕی (٢٥,٠٠٠,٠٠٠) بە تێهەلچووکار ، دوای نارازی بوونی پێداچووکار بەم بریارە و تانەی لێدا لای ئەم دادگایە بەپیٚ ی تیانووسی پێداچوونەوەی رەسم بۆ دراو لە ٢٠٢٣/٧/١١ تیای دا داوای هەلوەشاندنەوەی بریارەکە دەکات و پاش گەیشتنی تانەو دۆسیەکە تۆمارکرا بۆ وردبینی و گفتوگۆ :-**

**بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و دەرکەوت تانەی پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایی پێشکەش کراوە بۆیەپەسەندە لەرووی شێوەوە و سەرنج درا بریاری تانە لێدراو راستەو پابەندی یاسایە دادگا پەیرەوەی بریاری ئەم دادگایەی کردووە بە ژمارە ٥١١/ د .ش .ت/٢٠٢٢ لە ٢٠٢٢/١١/١٧ دوای ئەوەیسەلماکە داواکار هەلساوە بەدانی تەوای نرخی یەکەی نیشتەجیٚ بوون کە لە داوالێکراوی کریەوە پابەندبووە ، بەئەرکەکانی بەپێچەوانەی داوالێکراو کە نەیتوانی پابەندبێت بەبرگەکانی گرێبەستەکە لە سالی ٢٠١٣ وە رێژەی ئەنجام دانی تەواوی کارەکانی لە پرۆژەکە دەکاتە (٤٥٪) بۆیە داواکار مافی خۆیەتی داوای فەسخی گرێبەستەکە بکات لەبەر پابەندنەبوونی داوالێکراولە هەمان کاتدا شایستەی قەرەبووکردنەوەیە و بەم شێوەیە دادگا بە داواکە دا رۆیشتووە راپۆرتی شارەزایانی دادوەری گونجاوە لە سەربنەمای یاسایی دروست خەملێنراوە دەکرێت پشتی پیٚ ببەستری لە بریار دەرکردن لەبەر ئەوە بریاری درابە راستاندنی بریاری تانە لێدراو و رەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوەی لەئەستۆگرتنی پێداچووکار بەرەسمی پێداچوونەوەو ئەم بریارەش بە کۆڕا دەرکرا لە ٢٠٢٣/١٢/٤.**

**ژمارە / ٥٥٣/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٣ بەروار ٢٠٢٣/١٢/٤**

**داواکار لەرێگەی بریکارەکەیەوە لەبەردەم دادگای بەرایی شەقلاوە رایگەیاند کەوا بەپێی گرێبەستی ژمارە (٤٢) لە ٢٠١٤/١/٢٣ هەلساوە بەکرینی خانووی ژمارە (A6 060 ) بەپێی نەخشەی شوێنی (Site Plan) لە پرۆژەی (.....) بەبڕی (٧٠٠٠٠دۆلار ) کە بەپێی پسولەی پارە وەرگرتنی ژمارە (٠٠١٩ لە ٢٠١٣/٤/٢٩) ی تایبەت بە کۆمپانیا بەلام داوالێکراو - سەرەرای کارەکەی سەرەرای تەواوبونی ماوەی کارکردن لەپرۆژەکە (مدة انجاز المشروع) کەبریتی یە لە**

**(٧٢٠) رۆژ لە رۆژی واژوکردنی گرێبەستەکەوە یەکەی نیشتەجێ بابەتی داوای رادەستی بریکار نەکردووە و سەرەرای ئاگادارکردنەوە .دوای ئەنجام دانی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای بەرایی شەقلاوە بە ژمارە ٢٥٤/ب/٢٠١٩ لەریکەوتی ٢٠٢٢/٢/٢٤ بریاری دا بە رەتکردنەوەی داوای داواکار. دوای نارازی بوونی تێهەلچووکار دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بەژمارە ٨٩/س/٢٠٢٢ لە ٢٠٢٣/٦/٢٥ بریاری دابەهەڵوەشاندنەوەی بریاری بەرایی ئاماژەپێکراو دوای نارازی بونی تێهەلچونەوەی رەسم لێدراو لە ٢٠٢٣/٧/١١ هەروەها تێهەلچووکار تانەی لەو بریاری دا بەپێ ی تیانووسی رەسم لێدراو لەبەرواری ٢٠٢٣/٧/٢٣ دوای گەیشتنی تانەو دۆسیەکە دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ .**

**بریار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و دەرکەوت تانەی پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایی پێشکەش کراوە بۆیەپەسەندە لەرووی شێوەوە و تێبینی کرا بەبریاری تانە لێدراو راستەو پابەندی یاسایە دادگای تێهەلچوونەوە پەیرەوەی بریاری ئەم دادگایەی کردووە بە ژمارە ٥٦٤/ د .ش .ت/٢٠٢٢ لە ٢٠٢٢/١١/١٢ دادگا لێکۆلینەوەی کردووە لەسەر رۆشنایی بریاری پێداچوونەوە روون بوەوە کە داواکار پابەندبوو بەگرێبەستی واژووکراو لەنێوان هەردوولا تەواوی پارەی یەکەکەی داوە کە دەکاتەوە (٧٠٠٠ دۆلار) لەبەرامبەر دا داوالێکراو پابەندنەبووە و تەنها رێژەی ٤٥٪ لەپرۆژەکە تەواوکردووە بۆیە مافی داواکارە داوای فەسخی گرێبەستەکە و قەرەبووبکات دادگاش بەم شێوەیە بە داواکەدا رۆیشتووە لەبەرئەوە بریاری درابە راستاندنی بریاری تانە لێدراو و رەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوەی لەئەستۆگرتنی پێداچووکار بەرەسمی پێداچوونەوەو ئەم بریارەش بە کۆرا دەرکرا لە ٢٠٢٣/١٢/٤.**

**ژمارە / ٥٥٥/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٣ بەروار ٢٠٢٣/١٢/٤**

**داواکار لەبەردەم دادگای بەرایی هەولێر /٤ بانگەشەی ئەوەی کردووە کەوا داوالێکراو هاوسەریەتی بەپێ گرێبەستی هاوسەرگیری ژمارە (٥٣١٣) لە رێکەوتی ٢٠٢١/٦/٢٨ لە دادگای هەولێر . داوالێکراو هەلسا بە فرۆشتنی زێری مارەیی پێشەکی خۆی کە بریتی یە لە (١٥) مسقال زێر عەیار (٢١) وەکو قەرز و ئۆتۆمبیل بکرێت و بەلێنی پێ داوە بۆ ماوەی یەك ساڵ بۆی بگەرێنێتەوە بەلام دوای چەندین جار داوای کردووە و سوودی نەبوو بۆیە داوالە دادگا دەکات داوالێکراو بانگهێشت بکرێت بۆ دادبینی بریاربدات بەگەراندنەوەی ئەو برە زێرە وە داواکەی چر کردۆتەوە بە بری (٤٠٠,٠٠٠) دینار ئەوەی ماتەوە بە داوایەکی (حادثة منضمة) تێهەلکێش داوا دەکات بۆ دانی رسمی یاسایی وە لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای بەرایی هەولێر /٤ بە ژمارە (١٢٤٤/ب٤/٢٠٢٢) لە ٢٠٢٣/١/٢٦ بریاری دا بە پابەندکردنی داوالێکراو بەگەراندنەوەی ئەو زێرانە کە بریتین لە (١)گوارەکێشی (١) مسقال زێرو و نرخەکەی (٣٩٧,٠٠٠)**

**دینار (۲)دەست بەند (٦) مسقال نرخەکەی (۲,۳۸۲,۰۰۰) دینار (۳) ملوانکە (۸) مسقال نرخەکەی (۳,۱۷٦,۰۰۰) دینار . وەك خۆی بۆ داواکار ، وەلە کاتی نەمانیان نرخەکانی بۆ بگەرێنێتەوە کە کۆی گشتی (۱۵) مسقالە کە دەکاتە (٥,۹٥٥,۰۰۰) دیناری عێراقی وەرەتکردنەوەی داوای داواکار سەبارەت بەبری ماوەی داواکراو کە (٤٥,۰۰۰) دینار . دوای نارازی بوونی تێهەلچووکار بەبریاری ناوبراو ، دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر ژمارە ٥٦/س/۲۰۲۳ لە ۲۰۲۳/٦/۱۱ بریاری دا بە پالپشتی کردنی بریاری دادگای بەرایی وەرەتکردنەوەی هۆکارەکانی تێهەلچوونەوە ، دوای نارازی بوونی پێداچووکار تانەی لێدا لای ئەم دادگایە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەیرەسم لێدراو لە ۲۰۲۳/۷/۱۰ . دوای گەیشتنی تانەو دۆسیەکە دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ .**

**بریار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و دەرکەوت تانەی پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایی پێشکەش کراوە بۆیەپەسەندە لەرووی شێوەوە و سەرنج درا بریاری تانە لێدراو راستەو پابەندی یاسایە چونکە داوای داواکار سەلماوە پاش گویٚ گرتنی لە بەلگەی کەسیەتی هەردوولا دادگا ووتەی شاهیدەکانی داواکاری پیٚ پەسەند تربوو پاشان بۆ دلٌنیایی سوێندی تەواوکەری ئاراستەی داواکار کرد لەبە ئەوە داواکار شایستەی گەرانەوەی زێرەکانیەتی ئەگەر نەبوو نرخەکانیان دادگا بەم شێوەیە بە داواکەدا رۆیشتووە ، بۆیە بریاردرابە راستاندنی بریاری تانە لێدراو و رەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوەی لەئەستۆگرتنی پێداچووکار بەرەسمی پێداچوونەوەو ئەم بریارەش بە کۆرِا دەرکرا لە ۲۰۲۳/۱۲/٤.**

**ژمارە / ٥٥۷/ دەستەی شارستانی تێهەلٌچوونەوە / ۲۰۲۳ بەروار ۲۰۲۳/۱۱/۳۰**

**داواکار لەبەردەم دادگای بەرایی هەولێر لە رێگەی بریکارەکەیوە بانگەشەی ئەوەی کردووە بەپێی قەوالەیەکی واژووکراو بڕی (٤۰,۰۰۰ دۆلار) داوەتە داوالێکراوای یەکەم و داوالێکراوی یەکەم و داوالێکراوی دووەمیش واژووی کردووە لەسەر قەوالەکە کردووە ئەگەر هاتوو داوالێکراوی یەکەم بڕە پارەکە نەداتەوە ئەو بیداتەوە بەلاٌم ئیستا لاری دەکەن لە گەراندنەوەی قەرزەکە ، بۆیە داوای لە دادگا کرد بانگهێشتی داوالێکراوان بکات بۆ دادبینی وبریار بدات بە پابەندکردنیان بەدانی بڕی پارەی (٤۰,۰۰۰دۆلار ) وخەرجی داوابخرێتە ئەستۆیان ، لەئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای بەرایی هەولێر بریاری ژمارە (۱٤۹۹/ب/۲۰۲۱ ) لە ۲۰۲۲/۱۰/٦ دەرکردووە تیایدا بڕیاریداوە بە ئیلزامکردنی داوالێکراوان (ی/ ص/ ح/) و (ف/ ن/ ال/ ن/) کە بڕی (٤۰,۰۰۰دۆلار ) بەرامبەر بە (٥۹,٦٤۰,۰۰۰) بەدەستەبەری و هاوشانی (بالتکافل والتضامن ) بدەن بە داواکار (ا/م/ ص/ ) بەبرشی (۲,۰۰۰,۰۰۰) دینار ، داوالێکراوان رازی نەبوونی بەم بریارە و تانەیان لێدا بەبیٚ تیانووسی تێهەلچوونەوە تیای دا داوای هەلوەشاندنەوەی دەکەن دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە ژمارە ۳۸۷/س/۲۰۲۲ لە ۲۰۲۳/٦/۲٥ بریاری دا بە پشتگیری کردنی بریاری**

**بەرایی ژمارە ١٤٩٩/ب/٢٠٢١ لە ٢٠٢٢/١٠/٦ ڕەتکردنەوەی تانەی تێهەلچوونەوە ، پێداچووکاران ڕازی نەبوون بەم بریارە و تانەیان لێدا لای ئەم دادگایە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم بۆ دراو لە ٢ / ٧ / ٢٠٢٣ تیای دا داوای هەڵوەشاندنەوەی بریارەکە دەکات و پاش گەیشتنی تانەو دۆسیەکە تۆمارکرا بۆ ووردبینی و کفتوگۆ :-**

**بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و دەرکەوت تانەی پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایی پێشکەش کراوە بۆیەپەسەندە لەرووی شێوەوە و سەرنج درا بریاری دادگای تێهەلچوونەوە بە پشتگیری کردنی بریاری بەرایی بە پابەندکردنی داوالێکراوان بە هاوشانی و هاوبەر پرسیاریەتی بەبڕی پارەی (٤٠,٠٠٠ دۆلار) بریارێکی دروستەو پابەندی یاسایە پاش ئەوەی داوالێکراوان نەیانتوانی دەفعەکەیانن بسەلمێنن کە بەشێك لەو برە پارەیان یان گەراندۆتەوە بۆ داواکار دادگا مافی ئاراستەکردنی سوێندی یەکلاکەرەوەی پێدان ڕازی بوون سوێندەکە ئاراستە بکەن لە قۆناغی تێهەلچوونەوە و داواکاریش سوێندەکەی خوارد و سوێندی یەکلاکەرەوە ئەو سوێندەیە کە دادخوازی کۆتایی پیٚ دێت و داواکەش کۆتایی پیٚ دێت لە بەرژەوەندی ئەو لایەنەی سوێندەکە دەخوات لەبەرئەوە بری پارەکە لە ئەستۆی داوالێکراوانە و شایستەی داواکار دەبێت بەمەش دادگا بریاری خۆی دەرکردوو بریار درا بە ڕاستاندنی و ڕەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لەئەستۆگرتنی پێداچووکار بەرەسمی پێداچوونەوەو ئەم بریارەش بە کۆڕا دەرکرا لە ٢٠٢٣/١١/٣٠.**

**ژمارە / ٥٥٩/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٣ بەروار ٢٠٢٣/١١/٢٩**

**داواکار لەرێگەی بریکارەکەیەوە لەبەردەم دادگای بەرایی هەولێر بانگەشەی ئەوەی کردووە کەوا داوالێکراو هەلساوە بەجیٚ بەجیٚ کردنی سەنەدێکی عادی (بەلێنامەی قەرز ) لەسەر داواکار کەوا قەرزاری بڕی (١٧٨٠٠دۆلار) لە دۆسیەی جیٚ بەجیٚ کردنی ژمارە (٢٠٢١/١١٠٧ ) لە ٢٠٢١/٤/١٢ بەلام لەراستیدا داواکار واژووی کردووە لەسەر سەنەدێکی بەتاڵ چونکە هەلسابو بەکریٚ گرتنی چەند ئامێرێکی جام بەلأم ئامێرەکان گشتیان تێك چووبوو و هیچ کاری نەکردووە ، بۆیە داواکارە لە دادگا بە بانگهێشتی داوالێکراو بکرێت بۆ دادبینی و بریاربدات بە پوچەل کردنی سەنەدی واژووکراو لە ٢٠١٥/١٠/٢١ ، لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای بەرایی هەولێر بە ژمارە (١٣٢٩/ب٢٠٢١/٥) لە ٢٠٢٢/١٢/٢٢ بریاری دەرکردووە بە ڕەتکردنەوەی داوای داواکار ، دوای نارازی بوونی داواکاربەبریاری ناوبراو کە بریارێکی ئامادەییە و شیاوی تێهەلچوونەوە پێداچوونەوەیە ، داواکار تانەی لێدا بەشێوەی تێهەلچوونەوە بەپیٚ ی تیانووسی ڕەسم لێدراو لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/٥ دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە ژمارە (١١/س/٢٠٢٣) لە**

**٢٠٢٣/٦/٢١ بڕیاری دەرکردووە بە پشتگیری کردنی بڕیاری دادگای بەرایی هەولێر بە ژمارە ١٣٢٩/ب/٢٠٢١ لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/٢٢ وەرەتکردنەوەی تانەی تێهەلچوونەوە .دوای نارازی بوونی تیچهەلچووکار بەبڕیاری ناوبراو تانەی لێدا بەشێوەی پێداچوونەوە لە بڕیاری تانە لێدراو کە ئامادەییە و شیاوی پێداچوونەوەیە بەپێ ی تیانووسی پێداچوونەوەی پێشکەش کراو لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٧/١٨ رەسمی لێدراوە ، دوای گەیشتنی تانەو دۆسیەکە دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ .**

**بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و دەرکەوت تانەی پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایی پێشکەش کراوە بۆیەپەسەندە لەرووی شێوەوە و تێبینی کرا بڕیاری تانە لێدراو راستەو پابەندی یاسایە پاش ئەوەی دادگا داواکاری بە نەتوانا دانا لەسەلماندنی داواکەی مافی ئەوەی پێدا سوێندی یەکلاکەرەوە ئاراستەی ڕکابەرەکەی بکات بەلام رەدی کردەوە سوێندەکە ئاراستە بکات بۆیە ئەوە دەدۆرێنیت کە لە ئاراستەی سوێندەکەهاتووە جگە لەوەش دانی ناوە بەراستی واژووی خۆی لەسەر (بەلێنامەی قەرز) لەبەرئەوەی ئەو بڕیارەیە کە لە بەلێنامەکە هاتوو لە ئەستۆی داواکار جێگر دەبێت لەبەر ئەوە بڕیار درابە راستاندنی بڕیاری تانە لێدراو و رەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوەی لەئەستۆگرتنی پێداچووکار بەرەسمی پێداچوونەوەو ئەم بڕیارەش بە کۆڕا دەرکرا لە ٢٠٢٣/١١/٢٩.**

**ژمارە / ٥٩٩ / دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٣ بەروار ٢٠٢٣/١٢/٧**

**بریکاری داواکاران لەبەردەم دادگای بەاریی پیرمام بانگەشەی ئەوە دەکات کە داوالیچکراو لەسەر داوای داواکاران هەلساوە بە فرۆشتنی دوو دۆنم زەوی لە پشکی هەریەکەیان لە گوندی (....) و بڕی (١٩٢٠٠دۆلار ) داوەتە داواکاران لە ڕاستیدا بە بڕی (٤٠,٢٠٠دۆلار) فرۆشتووە بەمەش قەرزرای هەریەك لە داواکارانە بەبڕی (٧٠٠٠دۆلار) سەرەرای داواکردن هۆشداری کردنی لەرێگای دادنووسی صلاح الدین بە ژمارە (٢٦/٥٠٢٧) لە ٢٠٢١/١١/٩ ڕێگری دەکات لە دانەوەی پارەکە بۆیە داوایان لە دادگا کرد بانگهێشتی داوالێکراو بکات بۆ دادبینی و بڕیار بدات بە الزامکردنی بە دانی ئەو بڕە پارەی لای ماوە لە نرخی زەویەکە و خەرجی داوا و ماندووبوونی پارێزەرایەتی بخرێتە ئەستۆی ، لە ئەنجامی دادبینی ئامادەی و ئاشکرا دادگای بەرایی بیرمام بڕیاری ژمارە ١/ب/٢٠٢٢ لە ٢٠٢٢/١٠/١٣ ی دەرکرد بە رەتکردنەوەی داوای داواکاران ، داواکاران رازی نەبوون بەو بڕیارە و تانەیان لێدا بەشێوەی تێهەلچوونەوە بەپێ ی تینووسی تێهەلچوونەوە داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری بەرایی دەکات ، دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بڕیاری دا بە ژمارە ٤٢٨/س/٢٠٢٢ لە ٢٠٢٣/٧/٤ بەپیشتگیری کردنی بڕیاری بەرایی تێهەلچوونەوە ژمارە ١/ب/٢٠٢٢ لە ٢٠٢٢/١٠/٣ لە دادگای بەرایی بیرمام دەرچوو ، تێهەلچووکاران رازی نەبوون بەم بڕیارە و تانەی لێدا لای ئەم دادگایە بەپێ ی تیانووسی پێداچوونەوەی رەسم بۆ دراو لە ٢٠٢٣/٨/٢ تیای دا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات و پاش گەیشتنی تانەو دۆسیەکە تۆمارکرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-**

**بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و دەرکەوت تانەی پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایی پێشکەش کراوە بۆیە پەسەندە لەرووی شێوەوە وتێبینی کرا بریاری تانە لێدراو راستەو پابەندی یاسایە چونکە داواکاران نەیانتوانی دالواکەیان بسەلمێنێت بە بەلگەی یاسایی موعتەبەر بۆیە دادگا مافی ئەوەی پێدان سوێندی یەکلاکەرەوە ئاراستەی داوالیچکراو بکەن ئەوانیش ردیان کردوە سوێندەکە ئاراستە بکەن بۆیە ئەوە دەدۆرێنن کە لە ئاراستەی سوێندەکە دەکەویتەوە دادگای بەرایی بەم شێوەیە حوکمی دەرکردووە و دادگای تێهەلچوونەوەش پشتگیری کردووە بۆیە بریار درابە راستاندنی بریاری تانە لێدراو و رەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوەی لەئەستۆگرتنی پێداچووکار بەرەسمی پێداچوونەوەو ئەم بریارەش بە کۆڕا دەرکرا لە ٢٠٢٣/١٢/٧.**

**ژمارە / ٥٧١/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٣ بەروار ٢٠٢٣/١٢/٦**

**داواکار لەرێگای بریکارەکەیەوە لەبەردەم دادگای بەرایی سلێمانی /٥ لە داوای بەرایی ژمارە (٣٢٤٦/ب٥/٢٠١٩) بانگەشەی ئەوەی کردووە کە بەپێی گرێبەستێك لە ٢٠١٥/١١/٨ خانویەکی ژمارە ٥٩/١١٥ لەگەرەکی چوارتاق لەعربت لە داوالەسەرکراو کریوە پاشان هەرهەمان داوالەسەرکراو هەستاوە لەرێگەی ) (تواطئ) وای لە کارداری کردووە خانووە کە بفرۆشێت بەکەسێکی تر بەناوی (ئ/ ع/ ق/) بەبڕی (١٥٠٠٠دۆلار ) بەلآم بێ ئەوەی خانووەکە تسلیمی بریگرتەی بکات ئێستا فرۆشراوە بەکەسێکی تر ئەو (١٥٠٠٠ دۆلار) ی نەردراوە بە بریکارداری وە خانوەکەی لە ژێر دەستی بریکارداری دەرهێناوە بەهاکەشی نەداوەتی بریگرتەکەی بۆیە داوایکرد بانگهێشتی داوالەسەرکراو بکرێت بۆ دادبینی و بریار بدرێت بە پابەند کردنی گەراندنەوەی بەهای خانوەکە کە برەکەی (١٥٠٠٠دۆلار) کە دەکاتە (١٦,٨٧٥,٠٠٠) دنیار چونکە ئەمە لایەنی راستەقینەیە لە گرێبەستی دووەم لە نێوان کارداری (ئ/ ع/) لەگەل خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داواکە و ماندووبوونی پارێزەرایەتی لە ئەنجامی دادبینی و ئاشکرا دادگای ناوبراو بریاری دەرکردووە بە ژمارە ٣٢٤٦/ب٢٠١٩ لە ٢٠٢٢/٦/١٥ بەپابەندکردنی داوالەسەرکراو (د/ ع/ ق/) بەگەراندنەوەی بڕی (١٣٥٠٠دۆلار) یان بەرامبەرەکەی بە دینار عراقی (٦,٣٣٥,٠٠٠) دیناری عراقی وەرەدکردنەوەی داوای داواکار ، داوالەسەرکرا و تانەی لەو بریارەکەدا بەتێهەلچوونەوە بەهۆی بریکارەکەیەوە بەپێی تیانووسی رەسم لێدراو لە ٢٠٢٢/٦/٢٥لە دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی سلێمانی بە ژمارە ١٥٣/س/٢٠٢٢ لە ٢٠٢٣/٦/١٩ بریاری دا بە هەلوەشاندنەوەی بریاری داوای بەرایی ئاماژەپێکراوی سەرەوە ، پێداچووکار رازی نەبوو بەم بریارە و تانەی لێدا لای ئەم دادگایە بەپێ ی تیانووسی پێداچوونەوەی رەسم بۆ دراو لە ٢٠٢٣/٢/١ تیای دا داوای هەلوەشاندنەوەی بریارەکە دەکات و پاش گەیشتنی تانەو دۆسیەکە تۆمارکرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ .**

**بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و دەرکەوت تانەی پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایی پێشکەش کراوە بۆیە پەسەندە لەرووی شێوەوە و تێبینی کرا بڕیاری تانە لێدراو ڕاست نیە و پێچەوانەی یاسایە چونکە ئەوەی جێگیرکراو لە داواکەوە و بەلگەکانی زەوی خانووی بابەتی داوا تۆمارنەکراوە لە تۆمارەکانی بەرێوەبەرایەتی خانووبەرە خانوەکەش دەکەوێتە چوار تاق لەعەرەبەت گرێبەستی کرین و فرۆشتنی بەستراوە بە پێکهاتەکان نەوەك پارچە زەویەکە ئەویش بە حوکمی ماڵی گوێزراوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت مامەلەکردن بەو شێوەیە رەوایە و دەبوایە دادگا بڕیار بدات بە هێنانە ناوەی (ێ/ ع/ ق/) وەك کەسی سێ یەم لە داواکە بۆ روون کردنەوەی و ئایا هەمان خانوی کریوە لە داواکار یان داوالێکراو بەهای خانووەکەی داوە بەپێچەوانەوە داواکار مافی خۆیەتی داوای گەرانەوەی نرخی فرۆشراوەکە بکات بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە هەڵوەشانەوەی بڕیاری پێداچوولەسەرکراو ناردنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بەمەبەستی دەرکردنی بڕیاری دروست لەسەر رۆشنایی روونکردنەوەکانی سەرەوە و هێشتنەوەی رەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام ئەم بڕیارەش بە زۆرینە دەرکرا لە ٢٠٢٣/١٢/٦.**

**ژمارە / ٥٧٧/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٣ بەروار ٢٠٢٣/١٢/٤**

**داواکار لەرێگەی بریکارەکەیەوە لەبەردەم دادگای بەرایی هەولێر /٤ بانگەشەی ئەوەی کردووە کەوا داوالێکراو خەزووری بریکاردارییەتی و باوکی هاوسەرەکەیەتی بەناوی (م/ ز/ع/) دوای کوژرانی هاوسەرەکەی سولحیان کرد لەگەڵ بکوژانی هاوسەرەکەی . داوالێکراو لە ئەنجامی سولحەکە بڕی (١٩٠,٠٠٠دۆلار) ی ئەمریکی کە بەرامبەرەکەی دەکاتە (٢٢٨,٠٠٠,٠٠٠) دیناری عراقی وەرگرت وەکو قەرەبوی خوینی هاوسەرەکەی بۆ میراتگران وەچەندین جار داوای لێ کردووە پشکی بریکاردرای وکچە ناکامەکەی (ل/ ) بدات بەپێی دابەشنامەی شەرعی بەلام لاری هەیە لە دانی پشکی بریکارداری کە دەکاتە (١٥) پشك لە ئەصلی (٢٤) پشك لە دابەشنامەی شەرعی وە پارەی بەشی بریکارداری و کچەکەی دەکاتە (١٤٢,٥٠٠,٠٠٠) دینار بۆیە داوا لە دادگا دەکات بڕیار بدات بەبانگهێشت کردنی داوالێکراو بۆ دادبینی دوای جێ بەجێ کردنی رێکارەکانی یاسای پابەندبکرێت بەدانی بڕی پارەی دیاری کراو لەسەرەوە کەوا بەشی بریکارداری و کچەکەیەتی وە بۆ مەبەستی دانی رەسمی یاسای داواکەی چرکردۆتەوە بەبڕی (٢٠٠,٠٠٠) دینار وەمافی بریکاردرای پاراستووە بە داواکردنی بڕەکەی تر داوایەکی خستنە پال یان سەربەخۆ وە لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا داگای بەرایی هەولێر بەژمارە (١٧٨/ب٤/٢٠٢٠) لە ٢٠٢٢/١/٢٥ بڕیاری دا بە پابەندکردنی داوالێکراو بەپێدانی بڕی پارەی (٢٠٠,٠٠٠) دینار کەوا رەسمی داواکەی لە سەرداوە وەرەتکردنەوەی داواکە سەبارەت بەبەشی کچەکەی (ل/م/) دوای**

**نارازی بوونی تێهەلچووکار بەبریاری ناوبراو دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە ژمارە (٦٠/س/٢٠٢٢) لە ٢٠٢٣/٦/٢٦ بریاری دا بە پالپشتیکردنی بریاری دادگا بەرایی وەرەتکردنەوەی تیانووسی تێهەلچوونەوە و هۆکارەکانی ، دوای نارازی بوونی پێداچووکار بەبریاری ناوبراو تانەی لێدا لای ئەم دادگایە بەپێ ی تیانووسی پێداچوونەوەی رەسم لێدراو لە ٢٠٢٣/٧/٢٠ دوای گەیشتنی تانەو دۆسیەکە دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-**

**بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و دەرکەوت تانەی پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایی پێشکەش کراوە بۆیە پەسەندە لەرووی شێوەوە و سەرنج درا بریاری تانە لێدراو دروستە و پابەندی یاسایە لەبەر ئەو هۆکارنەی لەبریارەکە ئاماژە پێ کراوە چونکە سەلماوە کە کەس و کاری تاوانلێکراو میراتگرانی داواکار ئاشتەواییان ئەنجام داوە لەگەڵ حومدراوەکان وازیان لە سکالاکەیان هێناوە بڕی پارەی (١٩٠٠٠٠ دۆلار) وەرگرتووە وەك میراتگرانی کوژراوەکە جگە لە کچەناکامەکەی نەبێت کە دادگا بڕی قەرەبووی بۆ دیاری کردووە داوالێکراویش دانی ناوە بە وەرگرتنی بری پارەی ئاشتەوای لەبەر ئەوە داواکار شایستەی بەشی خۆیەتی لەو برە پارەیە دادگای بەرای بەم شیوەیە حوکمی دەرکردووە و دادگای تێهەلچوونەوەش پشتگیری کردووە بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە راستاندنی بریاری تانە لێدراو و رەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوەی لەئەستۆگرتنی پێداچووکار بەرەسمی پێداچوونەوەو ئەم بریارەش بە کۆڕا دەرکرا لە ٢٠٢٣/١٢/٤.**

**ژمارە / ٥٩١/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٣ بەروار ٢٠٢٣/١٢/٧**

**داواکار لەبەردەم دادگای بەرایی هەولێر لە رێگەی بریکارەکانیانەوە بانگەشەی ئەوەی کردووە بەپێ ی گرێبەستێکی واژووکراو لەگەڵ کۆمپانیای داوالێکراو بڕی (٢٠١٢٢٥ م٢) کۆنکرێتی ئامادەکراوی بۆ کۆمپانیاکەی ناردووە کە نرخەکەی دەکاتە (٨٣٥٥٣ دۆلار ) بەپێی پسوولەی فەرمی بڕی (٨٤٧١٩١ دۆلار ) ئەمریکی واتە کۆمپانیای داوالێکراو بڕی پارەی (١٥٦٣٨دۆلار) زیاد وەرگرتووە ، دوای چەندین جار ئاگادارکردنەوەو پێدانی هۆشداری لە رێگەی فەرمانگەی دادنووسی هەولێر بەڵام ئامادەنیە بڕی وەرگیراوی بۆ بگەرێنێتەوە ، بۆیە داوای لە دادگا کرد بانگهێشتی داوالێکراو بکات بۆ دادبینی و بریار بدات بەپابەندکردنی بەدانی بڕی پارەی (١٥٦٣٨ دۆلار) ئەمریکی بەمەبەستی دانی رەسمی یاسایی داواکەی چرکردۆتەوە بەبڕی (٥٠٠دۆلار) لە ئەنجامی دادبینی و ئاشکرا دادگای بەرایی هەولێر بریاری ژمارە ١٧٩٨/ب/٢٠٢٠ لە ٢٠٢٢/٢/٢٠ دەرکردووە تیایدا بریاریداوە بە ئیلزامکردنی داوالێکراو سەرەرای کارەکەی بڕی**

پارەی (١٥٦٣٨ دۆلار) بەرامبەر بە (١٩,٦٢٥,٩٦٠) دینار بدات بە داواکار سەرەرای کارەکەی و خەرجی داواو کرێ ی ماندووبوونی پارێزەرایەتی داوالێکراو تانەی نارازی پێشکەش بە دادگای بەرایی کرد و دادگای بەرایش بریاری ژمارە ١٧٩٨/اعتراضية /ب٢/ لە ٢٠٢٣/٣/٦ دەرکرد٢٠٢٠ بە پشتگیری کردنی بریاری حوکمی بەرایی پاشملە ژمارە ١٧٩٨/ب/٢٠٢٠ لە ٢٠٢٢/٢/٢٠دەرچوو و رەتکردنەوەی (اعتراضة) کە ، لەبەر رازی نەبوونی تێهەلچوو (داوالێکراو) بەبریارەکە تانە لێدا دوای هەڵوەشاندنەوەی بریاری دادگای بەرایی کردووە ، دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە ژمارە ١٣٣/س/٢٠٢٣ لە ٢٠٢٣/٧/١٨ پشتگیری کردنی بریاری حوکمی بەرایی تێهەلچوونەوە تێداکراو ژمارە ١٧٩٨ / اعتراضية /٢٠٢٠ لە ٢٠٢٣/٣/٦ لە دادگای بەرایی هەولێر /٢ دەرچوو ، تێهەلچووکار رازی نەبوو بەو بریارە و تانەی لێدا لای ئەم دادگای بەپێ ی تیانووسی بەپێ ی تیانووسی پێداچوونەوەی رەسم بۆ دراو لە ٢٠٢٣/٨/٣ تیای دا داوای هەڵوەشاندنەوەی بریارەکە دەکات و پاش گەیشتنی تانەو دۆسیەکە تۆمارکرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و دەرکەوت تانەی پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایی پێشکەش کراوە بۆیە پەسەندە لەڕووی شێوەوە و تێبینی کرا بریاری تانە لێدراو راستەو پاپەندی یاسایە دادگا لێکۆلینەوەی ئەنجام داوە لە بابەتی داواکە و پەنای بردووە بۆ شارەزایانی دادوەری لە بواری ژمێریاری ئەوانیش ووردبینیان کردووە لەو لیست و پەراوانەی خراونەتە روو لەبەردەم دادگا هەمان خەملاّندنی شارەزای یەکەم داناوە لەبەرئەوە سەلمێنرا کە داوالێکراو قەرزاری داواکارە بەو برە پارەیە کە زیاد وەریگرتووە لەوەی شایستەی بووە لەبەر ئەوە بڕیار درا بەراستاندنی بریاری تانەی لێدراو رەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لە ئەستۆگرتنی پێداچووکار بەرەسمی پێداچوونەوە و ئەم بریارەش بەکۆرا دەرکرا لە ٢٠٢٣/١٢/٧.

ژمارە / ٥٩٧ / دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٣ بەروار ٢٠٢٣/١٢/٧

داواکار لەبەردەم دادگای بەرایی هەولێر لە رێگەی بریکارەکەیەوە بانگەشەی ئەوەی کردووە داوالێکراو هاوسەریەتی و بڕی (٢٠,٠٠٠دۆلار) بەقەرزی چاکە (قرض حسنة) داوەتەوە بەمەبەستی کڕینی خانووە بۆ خۆی و داوالێکراو ، ئیستا لاری دەکات لەگەراندنەوەی قەرزە سەرەرای چەندین جار ئاگادارکردنەوەی ، بۆیە داوای لە دادگای کرد بانگهێشتی داوالێکراو بکات بۆ دادبینی و بریار بدات بە پابەندکردنی بەدانی بڕی پارەی (٢٠,٠٠٠دۆلار) و خەرجی داوا وکرێ ی ماندووبوونی پارێزەرایەتی بخرێتە ئەستۆی بەمەبەستی دانی ڕەسمی یاسایی داواکەی چڕکردۆتەوە بە (٥٠٠,٠٠٠) دینار ، لەئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای بەرایی هەولێر بریاری ژمارە (٤١٠٧/ب٢/٢٠٢٢) لە ٢٠٢٣/٣/١٢ دەرکردووە بەڕەت کردنەوەی داوای

داواکار (ا/ ح/ ع/) و خەرجی داوا و کریێ ی ماندووبوونی پارێزەرایەتی و لەبەر رازی نەبوونی داواکار بەو بریارە تانەی لێدا بەرێگای تێهەلچوونەوە بە پیێ ی تیانووسی تێهەلچوونەوەی رەسم بۆ دراو لە ٢٠٢٣/٣/١٥ دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر ژمارە ١٢٩/س/٢٠٢٣لە ٢٠٢٣/٧/١٧ بریاری دا بە پشتگیریی کردنی بریاری حوکمی بەرایی تێهەلچوونەوە تێکراو ژمارە ٤١٠٧/ب/٢٠٢٢ لە ٢٠٢٣/٣/١٢ لە دادگای بەرایی هەولێر / ٢ دەرچووە تێهەلچووکار رازی نەبوو بەو بریارە وتانەی لێدا لای ئەم دادگایە بەبیێ ی تیانووسی پێداچوونەوەی رەسم بۆ درا لە ٢٠٢٣/٨/٦ تیای دا داوای هەڵوەشاندنەوەی بریارەکە دەکات و پاش گەیشتنی تانەو دۆسیەکە تۆمارکرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و دەرکەوت تانەی پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایی پێشکەش کراوە بۆیە پەسەندە لەرووی شێوەوە و سەرنج درا بریاری تانە لێدراو دروستە و پابەندی یاسایە لەسەر ئەو هۆکارنەی لەو بریارەکە ئاماژەی پیێ کراوە چونکە داواکار لە داواکەیدا بانگەشەی ئەوە دەکات کە داوالێکراو قەرزاریەتی بەبڕی پارەی داواکراو بە قەرزی چاکە بەلاّم دواتر پەسەندی دەفعی داوالێکراوی کرد کە ئەو برە پارەیە دراوە وەك بەشێك لە نرخی زەوی (کارت ) بە هاوبەشی لەگەلّ داوالێکراو کە ئەمەش نەسازییە (تناقض) نەسازیش رێگرە لە بیستنی داوا لەبەر ئەوە بریار درابە راستاندنی بریاری تانە لێدراو و رەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لەئەستۆگرتنی پێداچووکار بەرەسمی پێداچوونەوەو ئەم بریارەش بە کۆڕا دەرکرا لە ٢٠٢٣/١٢/٧.

ژمارە / ٦٠١/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٢ بەروار
٢٠٢٣/٣/٦

داواکار لەرێگای بریکارەکەیەوە لەبەردەم دادگای بەرایی هەولێر بانگەشەی ئەوەی کردووە کەوا داواکار بەپیێ ی بریاری دادگای کەتنی هەولێر بە ژمارە ٩٣٩/ك/٢٠١٨ لە ٢٠١٨/٩/١٠ لە دژی داوالێکراوەکە تیایدا سزادراوە وەبریارەکە مافی داواکاری پاراستووە بۆ تۆمارکردنی داوای مدنی کە تیایدا داوالێکراو قەرزاری داواکارەبەبڕی (٦٠٠,٠٠٠) دۆلار بۆیە داوای لە دادگای کردووە داوالێکراو بانگهێشت بکرێت بۆ دادبینی و بریار دەربچێت بە پابەندکردنی داوالێکراو بە گەراندنەوەی ئەم بڕە پارەیە بۆ داواکار . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی ئاشکرا دادگای بەرایی هەولێر بە ژمارە ٧٤/ب٦/٢٠٢٠ لە ٢٠٢١/١١/٢٩ بریاری دا بە پابەندکردنی داوالێکراو بەدانی بڕی (٦٠٠,٠٠٠) دۆلار بەرامبەر بە دیناری عێراقە بە بڕی (٧٤١,٠٠٠,٠٠٠) دینار بۆ داواکار . وەبریارەکە ئامادەییەو شیاوی تێهەلچوونەوە وپێداچوونەوەیە . دوای نارازی بوونی داوالێکراو بەبریاری ناوبراو تانەی لێدا بە شێوەی تێهەلچوونەوە بەپیێ ی تیانووسی تێهەلچوونەوە رەسم لێدراو لەبەرواری ٢٠٢١/١١/٣٠ دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بەشێوەی رەسن بە ژمارە (٢٤٨/س/٢٠٢١ ) لە ٢٠٢٢/٩/١٨ بریاری دا بە پشتگیری کردنی بریاری دادگای بەرایی هەولێر بە ژمارە ٧٤/ب٦/٢٠٢٠ لە (٢٠٢١/١١/٢٩) وە رەتکردنەوەی تیانووسی تێهەلچوونەوە وەبریارەکە

**ئامادەییەو شیاوی پێداچوونەوەیە ، دوای نارازی بوونی پێداچووکار بە بڕیاری ناوبراو تا نەی لێدا لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێ ی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە ٢٠٢٢/٩/٢٢ . دوای گەیشتنی تانەو دۆسیەکە دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ.**

**بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکردنی تانەی پێداچوونەوەی پێشکەش کراو لەلایەن پارێزەر (د/ ح/ ر/ ) وەك بریکاری داوالەسەرکراو (ر/م/ م/) بەڵام پارێزەری ناوبراو قەدە غەکراوە لەکاری پارێزەرا یەتی بۆ ماوەی (٦) مانگ بەپێ ی بڕیاری لێژنەی (انضباطی) سەندیکای پارێزەرا یەتی هەرێمی کورد ستان ژ مارە ٢٠٢١/٦ لە ٢٠٢١/٧/١ دا بەهۆی سەرپێچی کرد نی یاسای ناوبراو لە کارەکەی داو بڕیاری لێژنەش بەدوا بڕیاری دە ستەی گشتی شارستانی ئەم دادگایە بە ژمارە ٦٣/هيئة عامة مدنية/٢٠٢٢ لە ٢٠٢٢/٦/١٩ دا ڕاست سەلمێنراوە بەوەش ماوەی ڕاگرتنی پارێزەرەکە بەپێی ی مادەی ٢/٦٣ لە یا سای پارێزەرانی هەرێمی کورد ستان لە کاتی پێشکەش کردنی تا نەی ناوبراو کە لە ٢٠٢٢ /٩/٢٢ بەروارکراوە هێشتاماوە و بۆیە نەدەبوو پارێزەری ناوبراو ئەوتانە یە لەکاتی ڕاگرتنی دا پێشکەش بکات بەوەش تانە کە لەکە سێکەوە بەرزکراوە تەوە کە سیفەتی پارێزەری بریکاری لەو کا تەدا نەماوە و لە سەرئەوە بڕیاردار بە ڕەتکرد نەوەی تانە کە لە ڕووی شێوەوەو لە ئە ستۆگرتنی ڕە سمی پێدا چوونەوە لەلا یەن پێداچووکارەوە و ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٣/٣/٦.**

**ژمارە / ٦٤٧/ دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە / ٢٠٢٣ بەروار ٢٠٢٣/١٢/٢١**

**داواکار لە ڕێگای بریکارەکەیەوە لەبەردەم دادگای بەرایی هەولێر بانگەشەی ئەوەی کردبوو کەوا داوالێکراو کۆمپیالەیەکی بەبڕی پارەی (٣٧,٥٠٠دۆلار) ی ئەمریکی پێشکەش بەبەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر کردووە لەبەرواری ٢٠١٩/٣/١٩ لە دۆسیەی ژمارە (٢٠١٩/١٦٥٢) وە ئەو پەنجە مۆرە و واژووی لەسەر کۆمپیالەکە ناگەڕێتەوە بۆ داواکار ، بۆیە داوای لە دادگا کردووە بانگهێشتی داوالێکراوبکات بۆ دادبینی و بڕیار بدات بەپووچەڵکردنەوە و داخستنی دۆسیەی بەڕێوەبەرایەتی جێ بە جێ کردنی هەولێر بە ژمارە (٢٠١٩/١٦٥٢) لە ئەمجامی دادبینی ئامادەیی ئاشکرا ، دادگای بەرایی هەولێر بە ژمارە (٨٥/ب٥/٢٠٢٣) لە ٢٠٢٣/٥/١٥ بڕیاری دەرکردووە بە ڕەتکردنەوەی داوای داواکار و بڕیارەکە ئامادەییە شیاوی تێهەلچوونەوە و پێداچوونەوەیە ، دوای نارازی بوونی داواکار بەبڕیاری ناوبراو تانەی لێدا بەشێوەی تێهەلچوونەوە بەپێ ی تیانووسی ڕەسم لێدراو لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٥/٢٩ دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە ژمارە (٢٠٢/س/٢٠٢٣ ) لە ٢٠٢٣/٧/٢٤ بڕیاری دەرکردووە بەپشتگیری کردنی بڕیاری دادگای بەرایی هەولێر بە ژمارە (٨٥/ب٥/٢٠٢٣) لە ٢٠٢٣/٥/١٥ دەرچووە ، وەرەتکردنەوەی تیانووسی تێهەلچوونەوە و بڕیارەکە ئامادەییە شیاوی پێداچووەیە ، دوای نارازی بوونی داواکار تێهەلچووکار بەبڕیاری ناوبراو تانەی لێدا لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێ ی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لەڕێکەوتی ٢٠٢٣/٨/٢٣ دوای گەیشتنی تانە دۆسیەکە - دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-**

**بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و  دەرکەوت تانەی پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایی پێشکەش کراوە بۆیە پەسەندە لەرووی شێوەوە و تێبینی کرا بڕیاری تانە لێدراو راستەو پابەندی یاسایە لەسەر ئەو هۆکارانە بە درێژی ئاماژە پیٚ کراوە لەبەر ئەو نەسازیەی (تناقض) کە لەووتەکانی داواکار هاتووە هەر جادەی شتێك دەڵیٚ لەگەڵ ئەوەی پێشوی خۆی یەکناگرێتەوە و ئەگەر دانپێنان پێچەوانەی ئەوە بێت کە پێشتر دانپێدانراو ئەم پێچەوانەییە دەبێتە بەربەست لەگویٚ گرتن لە دادخوازی یان دفعەکانی ( م ٦٤ ) لەیاسای سەلماندن بۆیە بریار درا بە راستاندنی بریاری تانە لێدراو و رەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوەی لەئەستۆگرتنی رەسمی  پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ئەم بریارەش بە کۆڕا دەرکرا لە ٢٠٢٣/١٢/٢١.**

**ژمارە / ٦٩٥ / دەستەی شارستانی تێهەڵچوونەوە  / ٢٠٢٣                    بەروار ٢٠٢٣/١٢/٢١**

**داواکار لەرێگای بریکارەکەیەوە لەبەردەم دادگای بەرایی سلێمانی /٦ لە داوای بەرایی ژمارە ١٩٩٣/ب/٢٠٢٢ بانگەشەی ئەوەی کردوە کە بریگرتەکەی لەگەڵ  داوالەسەرکراو قەرزاریەتی بەپێی بریاری بەرایی ژمارە ١٥٣٤/ب/٢٠٢١ لە ٢٠٢٢/١/١٢ دەرچووە بەلاّم داوالێکراوی (١) هەستاوە بە فرۆشتنی موڵکی ژمارە ٢٢/٤٢ کەرتی ٨ ابلاخ بەلایەنی دووەم داوالەسەرکراوی /٢ بەنیاز خراپی ، بۆیە داوایکرد بانگهێشتی داوالەسەرکراو بکرێت بۆ دادبینی و بریار بدرێت (عدم نفاذ لتصرف) لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داواکەو ماندووبوونی پارێزەرایەتی ، لەئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو بریاری دەرکردووە بە ژمارە ١٩٩٣/ب/٢٠٢٣ لە ٢٠٢٣/٥/١٦ بە رەدکردنەوەی داوای داواکار ، داواکار تانەی لەو بریارەکە داوە بە تێهەلچوونەوە بە هۆی بریکارەکەیەوە بەپێی تیانووسی رەسم لێدراو لە ٢٠٢٣ /٥/٣١ ، دادگای تێهەلچونەوەی ناوچەی سلێمانی بە ژمارە ١٦٢/س/٢٠٢٣ لە ٢٠٢٣/٨/١٤ بریاری دا بە پشتگیریکردنی بڕیاری بەرایی ئاماژەپێکراو لەسەرەوە ورەدکردنەوەی تیانووسی تێهەلچوونەوە ، تێهەلچووکار رازی نەبوو بەو بریارە و تانەی لێدا لای ئەم دادگایە بەپیٚ ی تیانووسی پێداچوونەوەی رەسم بۆ دراو لە ٢٠٢٣/٩/٤ تیای دا داوای هەلوەشانەوەی بریارەکە دەکات و پاش گەیشتنی تانەو دۆسیەکە تۆمارکرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-**

**بڕیار :- پاش ووردبینی و گفتوگۆ و  دەرکەوت تانەی پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایی پێشکەش کراوە بۆیە پەسەندە لەرووی شێوەوە وتێبینی کرا بڕیاری تانە لێدراو راست نییە**

و پێچەوانەی یاسایە چونکە ئەوە سەلماوە لە داواکار کاتێك داواکەی تۆمارکردوو لەسەر داوالێکراو /١ داوای قەرزی خۆی دەکات لەئەستۆی ناوبراو بەپێ ی پسوڵەی ژمارە (٥٧٧٣٥١) لە ٢٠٢١/٦/٢٣ لە داوای ژمارە ١٥٣٤/ب/٢٠٢١ داوالێکراویش هەڵساوە بەفرۆشتنی خانوەکەی بۆ داوالێکراوی دووەم لە ٢٠٢١/٩/٦ بریاریش لە داواکە لە بەرواری ٢٠٢٢/١/١٢ دەرکراوە داوالێکراوی یەکەم زانیاری هەبوو بە ئاراستەی دادگا لە داوای ناوبراو و بۆ خۆ دەربازکردن لە دانی قەرزەکە و خۆ دزینەوە خانوەکەی تۆمار کردووە بۆ سەرناوی داوالێکراوی دووەم لەبەر ئەوە داوای داواکار پشتگیری یاسایی هەیە دەبوایە دادگا بە داواکە دا بروات بەپێ ی مادەی (٢٦٤/مەدەنی) هەروەها دەبێت دادگا داوا لە داواکار بکات نرخی راستەقینەی مولکەکە دیاری بکات تەواوکڕاوی رەسمی بەرایی و تێهەلچوونەوەی لێ وەربگرێت لەبەرئەوەی بریار درا بە هەڵوەشانەوەی بریاری تانە لێدراو و گەرانەوەی دۆسیەی داواکە بۆ دادگاکەی بۆ دادبینی کردنەوەی تێدا و دەرکردنی بریاری یاسایی دروست لەسەر رۆشنایی بۆ چونەکانی سەرەوە . ئەم بریارەش بە کۆڕا دەرکرا لە ٢٠٢٣/١٢/٢١.